نووسینی : حەسەن ئەیوب زادە

## وردبوونەوەیەکی سەر پێیی لە قانوونی بنچینەیی کاتی بۆ ئیدارەی دەوڵەتی عێراق

سەرەکیترین قانونی وڵات ، دەستور یا قانوونی ئەساسییە. ئەو قانوونە لە ژۆرووی سیستمی قانونداناں و پەیمانە نێونەتەوەییەکانە. قانوونی بنچینەیی، سنوری دەسەڵات و ئەرکەکانی حکومەت دیاری دەکا و مافەکانی خەڵک تێیدا دەستەبەر دەکرێ. *
خەڵک سەرچاوەی قانوونە و دەوڵەت بەرێوەبەری قانوون .
لە دەستووردا چوار چێوەی فکریی نیزام، قەوارەی رێکخراوەیی حکومەت ، دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسیی ، ئابووریی ، کۆمەڵایەتی ئەرک و دەسەڵاتی ئۆرگانەکانی حکوومەت لەبەرامبەر یەکتر و تاک لەکۆمەڵگا و سنوری ماف و ئەرکی تاک لەبەرابەر دەوڵەتدا دیاری دەکرێ.
قانوونی ئەساسی بنەما و سەرچاوەی قانوونەکانی دیکەیە. هەر قانوونێک کە لەپارلماندا پەسند دەکرێ، دەبێ لەچوارچێوەی قانوونی ئەساسییدا بگونجێ، یان لەگەڵ روحی قانوونی ئەساسی دژایەتی نەبێ. پەسەندکراوەی نەگونجاو یان دژ بە روحی قانوونی بنەرەتی، بەتاڵە و سیستمی حکومەتیی بە رێوەی نابا.
قانوونی ئەساسی بەرهەمی بیرو هزری مرۆڤ و ئەزموونەکانێتی. .
سیستمێکی فکریی – حکوومەتی کە دەسەڵاتی خۆی لە ئیرادەی ئازادی خەڵکەوە نەزانێ، دێموکراسی و پێوانەکانی دێموکراسی قبوڵ نەبێ شەرعییەتی نییە.

قانوونی ئەساسی رووپەرێکی مێژووی خەباتی مرۆڤایەتی گەل یا چەند نەتەوە و کەمایەتی و دانیشتوانی وڵاتێکە کە پێکەوە ژیاون و دەژین. پەسندکردنی هەر قانوونێکی ئەساسی، خوێندنەوەیەکی نوێیە لە ژیان و داوەریکردنە لەسەر بەشێک لە رابردوو. بەوتەیەکی دیکە، دەستور پایەی نیزام و سیستمێکی نوێی حکومەتی دادەرێژێ، مەرگی دامودەزگایەکی کۆن تۆمار دەکا و لەدایکبوونی نیزامێکی تازە بە وچەی دوارۆژ دەناسێنی.
لە قانوونی ئەساسییدا رەنج و ئازاری بە ملیون کەس بۆ دامەزراندنی ئەو سیستمە نوێیە کە رەوابوونی خۆی رادەگەیەنێ رەنگ دەداتەوە.
سەرنجدان و وردبوونەوە لە قانوونی کاتی بۆ ئیدارەی دەوڵەتی عێراق و پێداچوونەوەی بنەمای قانوونی ئەساسی وڵاتان و بەراورد کردنیان لەگەڵ ئەو قانوونە ئەرکێکی گرنگە. هیوادارم ئەو نووسینە سەرەتاییە کە بۆ ئامادەکردنی دەرفەتێکی زیاتر پێویست بوو ببێتە هاندری زانایانی کورد بۆ شیکردنەوەو دانی پێشنیار و دەربرینی را لەسەر کەم و کوورییەکانی ئەو بنەما قانوونییە کە دەبێتە بەردی بناخەی مالی سەربەخۆی کورد.

لە پیشەکی قانوونی کاتیدا پێویست بوو کارنامەی حکومەتی بەعس ودامودەزگا ستەمکارەکەی بنوسرێ. ئاماژە بە کوشتاری بە ملیون کورد و عەرەبی شیعە و شێوەکانی تواندنەوە بکرێ کە بوون بە پاڵپشتی رەوابوون و شەرعییەتی تێکرماندن و نەهێشتنی ئەو دامودەزگا دژی بەشەرییە. هێنانی چەند دێری ناتەواو لە پێشەکی گەڵاڵەکەدا بە هێچ شێوەیەک وڵامدەرەوەی ئەو پەیامە مەزنە مرۆڤایەتییە نییە کە گەلانی عێراق بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی بە پشتیوانی هاوپەیمانانی گەلانی عێراق و لەسەرەوەی هەموان ئەمریکا و ئینگلیز بە کۆمەڵگای بەشەرییان راگەیاند. رەنگە خوێندنەوەی لایەنگرانی نیزامی تونا –کراو لەسەر ئەو رووداوە کە رومای کۆمەڵگای بەشەریی گۆڕی لەگەل

بۆچوون و پەیامی کورد یەکگرتوو نەبێ ، بەڵام ئەوە مافی کوردە کە قانوونی خۆی بنووسێ و بۆی گرنگ نەبێ دوژمنانی کورد کە بۆ قازانج و بەرژەوەنی خۆیان کوردیان بە کۆیلە دەوێ جۆن بیر دەکەنەوە.
گەلانێک کە وەکو کورد بە دانی قوربانی وماڵوێرانی و فرمێسک و خوێن ئازادییان وەر گرتووە پێشەکیی قانوونی ئەساسییەکەیان کە بەڵگەی مان و مەوجودییەت و کەرامەتی بەشەری و خەباتی پیرۆزی باووباپیرانیانە بە کۆرتە مێژوویەکی ئەو خەباتە پیرۆزە و رێز بۆ ئەو کەسانە دەست پێدەکا کە ئەو نیزامەیان دامەزراندووە . نیزامێک کە دژی بێعەداڵەتی و ستەم بێ بۆ رێزلێنان شیاوە. بروانە قانوونی ئەساسی کاتی سودان و بزووتنەوەی رزگاریدەری باشوری ئەو وڵاتە ، قانوونی ئەساسی ئێریتێریا و.. هەر وەها

بروانە ئیعلامییەی 26 ی ئوتی1789فەرانسە و پێشەکییەکەی (دیباچە) کە لەهۆی نوسینی ئەو روداوە مێژووییە دەدەوێ:

Déclaration des Droits de l'homme et du citoyen du 26 août 1789

Les Représentants du Peuple Français, constitués en Assemblée Nationale, considérant que l'ignorance, l'oubli ou le mépris des droits de l'Homme sont les seules causes des malheurs publics et de la corruption des Gouvernements, ont résolu d'exposer, dans une Déclaration solennelle, les droits naturels, inaliénables et sacrés de l'Homme, afin que cette Déclaration, constamment présente à tous les Membres du corps social, leur rappelle sans cesse leurs droits et leurs devoirs ; afin que leurs actes du pouvoir législatif, et ceux du pouvoir exécutif, pouvant être à chaque instant comparés avec le but de toute institution politique, en soient plus respectés; afin que les réclamations des citoyens, fondées désormais sur des principes simples et incontestables, tournent toujours au maintien de la Constitution et au bonheur de tous.

" نوێنەرانی خەلکی فەرەنسە کە لە مەجلیسی میللیدا کۆبوونە، لەو باوەرەدان کە ناسنەکردن، لەبیرکردن یا بە هێندنەگرتنی مافە سروشتییەکانی مرۆڤ تەنیا هۆکاری چارەرەشی و فەسادن لە جیهاندا. لەو رووەوە لیبراوانە بریاریاندا لە بڵاوۆکیکی پرشنگداردا مافەسروشتییە هەمیشەیی و پیرۆزەکانی مرۆڤ رابگەیەنن تا هەموو شارۆەندان بتوانن بەردەوام کارەکانی حکومەت و ئامانجی هەموو دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکان هەلسەنگێنن، چونکە ئەم بڵاووکە بەردەوام ماف و ئەرک و داخوازەکان بە ئەندامانی کۆمەڵگا دەناسێنێ بۆ ئەوە کاروبارەکانی دەسەڵاتی قانوونی،کە یەک لەوان دەسەڵاتی بەرێوەبەرییە، لەهەر کاتێدا کە بلوي لەگەڵ ئامانجی هەر رێکخراوەیەکی سیاسیی هەڵسەنگێندرێ.

سەنەدە مێژووییە ئامادەکراوەکەی ئەمریکییەکان بۆ عێراقی دوای رژیمی بەعس نە لە بەسەرهاتی کورد دەدوێ ونەباسی چارەرەشیی گەلانی عێراق دەکا. ئەم قانوونە کاتییە وەچەی دوارۆژی گەلی کورد لە ژان و ئازارەکانی باووباپیرانییان ئاگادار ناکا، لە کەسەر و خەساری گەلەکەیان کە بوو

به  پاڵپشتی داوا ڕەواکەیان و ئەستاندنەوەی مافە زەوتکراوەکانیان و یەک لەوان داخوازی مافی سیاسی یەکسانی نەتەوەی کورد لەگەڵ عەرەبە نادوێ.

ئەزمونی تاڵی بەیەکەوە ژیانی کورد و گەلانی دیکە، کوردی بەکردەوە هان داوە کە بۆ پێیکهێنانی ژیانێکی دور لەکوشتن و بڕین و تواندنەوە کیانێک لەوڵاتەکەی خۆیدا پێک بێنی و خۆی لە کۆیلەتی ڕزگار بکا. پرسیار ئەوەیە کە بڵێی ئەو دەرەتانە بۆ کورد هەبێ  کە

لەهەلومەرجی ئێستادا ئەو داوا ڕەوایە بەشێوەیەکی هێمنانە بەرێتە بەردەمی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتان و داوابکا وەکو مەسەلەی فلستین یان باشوری سودان، تێموری ڕۆژهەلات بەپێکهێنانی کۆنفەرانسێکی نێودەوڵەتی ڕێگەچارەیەکی بۆ بدۆزنەوە؟  ئەوە ویستی کوردە و لە هەموو کوردستانی دابەشکراودا. خەباتی ئازادیخوازانەی کورد لە هەموو کوردستان بەڵگەی ئەو داوارەوایەیە.

 روخاندنی ڕژیمی بەعس و کشانی خەڵک بۆ سەر سندوقی دەنگدان، پرانی خەڵک بۆ سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد دەنگی دا.  دەنگدانی کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد هیچ دژایەتییەکی لەسەر بنەما قانوونییەکانی نێودەوڵەتی نییە. کوردیش بۆی هەیە و دەتوانێ  بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی کورد لەرێگەی پێکهێنانی کۆنفەرانسێکی نێو دەوڵەتی بەبەشداریی نوێنەرایەتی دەوڵەتەمەزنەکانی جیهان و رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵ بدا.

 باشوری سودان کە زیاتر لەبیست ساڵ بۆ سەربەخۆیی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی لەشەرەکی نەخوازراو گلا وەزعێکی وەکو کوردی هەبوو. ئەو بەشە لە سودان سەرەنجام بەو ئاکامە گەشت کە بەدرێژایی زیاتر لە بیست و یەک سال خەباتی بۆ کردبوو. دەوڵەتی ناوەندیی سودان و خەباتگێرانی باشور بەو ئاکامەگەیشتن کە لە پشتی مێزی وتووێژ مەسەلەی باشور چارەسەر بکرێ. ئەو دوولایەنە لە رێکەوتننامەیەکدا لەسەر ریزێک بریار رێککەوتن. یەک لەو بریارانە ئەوە بوو کە لەبەردا بۆ ماوەیەکی 6 ساڵە دەوڵەتێکی فێدرال پێک بێ و پاش 6 ساڵ خەلک بتوانن لە رێفراندۆمێکدا لەسەر مانەوەیان لەگەڵ ناوەند یان جیا بوونەوەو دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بریار بدەن.

 سەرۆکایەتی سیاسی کورد دەتوانێ و لەبەرژەوەندی کوردە کە  لە قانوونی ئەساسیدا ئەو مافە بۆ خەڵک بهێڵێتەوە کە بتوانێ لەسەر مانەوەی خۆی  لەگەڵ عەرەب خۆی بریاردەر بێ. ئەگەر ویستی لەگەڵ عەرەب بمێنێتەوە با ئەو مانەوەیە بە ناسینی مافی سیاسی یەکسان و خوازیارانە بێ. کورد لەبەرژەوەندی دایە کە هەرلەسەرەتاوە مافی یەکسانی سیاسی خۆی لەگەڵ عەرەب لە قانوونی ئەساسیدا بنوسرێ  و پاش ماوەیەکی چەند ساڵە کورد بەرێفراندۆمیکی سەرتاسەری بۆ مانەوە بە شێوەی فێدراتیو دەنگ بدا یان جیا بێتەوە ودەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی کورد پێک بێنێ.

هەرچەند قانونی کاتی ئیشارە بە ئەوەناکا کە باشوری کوردستان بەشێک لە کوردستانە، بەڵام دامەزراندنی دەوڵەتی فێدراڵی کورد لە باشور بەردی بناخەی دەوڵەتی یەکگرتووی کوردە.

مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد و هێرشی دەسەلاتدارانی نەتەوەی فەرمانرەوا و تێنەگەیشتوویی و سیاسەتی ملهورانەیان بووەتە هۆی هەموو شەر و پێکدادانی ناوچەکە . ئەو وەزعە ئێستاش هەربەردەوامە. مخابن تا ئەم کاتەش ئەو دەرفەتە نەهاتووەتە پێش کە لەگەلی کورد بو مانەوە یان بە کۆیلەتی لەژێر دەسەڵاتی ترک و فارس و عەرەب رازین یان دەیانەوێ ببنە خاوەنی مافی نەتەوەیی و چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. لە باشترین حاڵەتدا ئەو بەناو قانوونە بانگهێشتنێکی لایەنگرانەیە بۆ کۆبوونەوە لەدەوری مێزی وتووێژ و نووسینی رێککەوتننامەیەک بۆ هەڵپەساردنی گیروگرفتەکان و هێشتنەوەیان تا کاتێکی دیکە و دەرفەتێکی دیکە. بەڵام سەرۆکایەتی کورد ئەو دەرفەتەی لەدەست نەداوە کە مەسەڵەی کورد بە راشکاوی بەرێتە نێو ناوەندی سیاسەتی نێونەتەوەیی . هەر وەها رێگەی نەداوە کە مەسەلەی کورد وەکو مەسەلەیەکی نێوخۆیی حیسابی بۆ بکرێ و دەوڵەتە داگیرکەرەکان سیاسەتی دابەشکردنی کوردستان هەروا بدۆمینن.

گەڵاڵەکە هەر لەسەرەتاوە بە دەست پاکی و بە ئەمانەتەوە نەدراوەتە دەستی کورد. وەکو باوە، گوایە مامۆستا عەدنان پاچەچی ویستوئامانجە سیاسییەکانی خۆی تێترینجاندووە*، بەو کارەش رچەی بۆ مامۆستا الجەعفەری کردۆتەوە بۆ ئەوە خەت بەسەر سوێندی وەفاداری بەو پەیمانەدا بکێشی کە هەر لەسەرەتاوە باوەری پێی نەبووە.

لەدەقە سەرەکییەکەی قانوونی کاتیی بۆ ئیدارەی دەوڵەتی عێراق کە بە زمانی ئینگلیزیی بووە عینوانی بسم الله الرحمن الرحیم نەنووسراوە. بەلام رێزدار پاچەچی کە کاری تەرجەمەکەیان بە ئەستۆوە بووە ئەو عیبارەتەیان لە وەرگێردراوە عەرەبییەکە زیادکردووە. وەرگێرە کوردەکانیش ئەو "تزویر" ەیان لە وەرگێردراوە کوردییەکە زیاد کردووە. رەنگە ئیدیعا بکرێ کە ئەو کارە ئیسلامی بوونی قانوونەکە دەگەیەنی و نیشانەیەکە بۆ پاراستنی بایەخەکانی کۆمەڵ. رەنگە ئەوە وابی ، بەڵام با ئەوەش بگوترێ، ئەم کارە ناراستی و دەستتێوەردانێکی نارەوایە. ئەو کەسەی بریارێکی ئەوتۆی داوە لەراستیدا فێڵبازێکی سیاسییە. کەسێک کە کارێکی ئەو تۆ دەکا رێگا بۆ الجەعفەری دەکاتەوە کە خەت بەسەر بەشێک لە سوێندی پاراستنی قانوونی ئەساسییدا بێنێ. وادیارە پلە بەرزانی عەرەب هەر بەعادەت فێرنابن کە "تودوالامانات الی اهلها" بەجێ بگەیەنن و هەر کردەوەی پاشا و ئەمیرە دزەکانیان رەچاو دەکەن کە فەرموویانە :" الناس علی دین ملوکهم" .

لەسودانیش عومەر ئەلبەشیری "کافرکوژ" موسوڵمانی هەرە تۆخ و راست وەکو گوریسی نێو هەمبانە کارێکی ئەوتۆی کرد. رۆژنامەکان رایانگەیاند:

زیادکردنی بسم الله لە پێشەکییەکەی قانوونی ئەساسی ئینتیقالیی سودانیشدا لەلایەن بەشیر موشیری سودانەوە بوو بە هۆی رەخنەی بەربڵاوی خەڵکی باشوور و رێبەرایەتی هێزە سیاسییەکەی.

" الشرق الاوسط " نووسی: دەمەتەقەیەکی بەربڵاو لە نێوان دەوڵەتی سودان و بزووتنەوەی ڕزگاریدەری باشور لەسەر لێ زیادکردنی " بسم الله الرحمن الرحيم" لە پێشەکی قانوونی ئەساسیدا دروست بووە. گوایە نوێنەرانی بزووتنەوە لە کۆمیسیونی ئامادەکردنی قانوونی ئەساسییدا نارازی بوونی خۆیان بۆ تێخستنی بسم الله الرحمن الرحيم لە پێش نووسی قانوونی ئەساسی دەربڕی و گوتیان نەنووسینی ئەو عیبارەتە ڕێزدانانە بۆ بیروباوەری غەیرە موسوڵمانان.

Chapter One -- Fundamental Principles
Article 1 [The Document]
(A) This Law shall be called the "Law of Administration for the State of Iraq for the Transitional Period," and the phrase "this Law" wherever it appears in this legislation shall mean the "Law of Administration for the State of Iraq for the Transitional Period."
(B) Gender-specific language shall apply equally to male and female.
(C) The Preamble to this Law is an integral part of this Law.

## لەبەشی یەکەم – پرنسیپە ئەساسییەکاندا لە بەندی آ. ب . ج. دا نووسراوە:

ئەم قانوونە بە " قانوونی ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناخی ئینتیقالی " نێودێر دەکرێ و دەستە واژەی ئەم " قانون" ە لە هەرشوێنێکی ئەو پەسەندکراوەیە دەرکەوێ مەبەست " قانوونی ئیدارەی دەوڵەتی عێراقە بۆقۆناخی ئینتیقالی" یە.
جنسییەتی زمانەوانیی وشە بۆ نێرینە و مێیینە یەکسانە.
پێشەکیی ئەم قانوونە بەشێکی دانەبڕاوی ئەم قانوونەیە.

سەرنجێکی بەندی ب لە تێکستە نیشانی دەدا کە دەقە عەرەبییەکە تەرجەمەی دەقە ئینگلیزییەکەیە.. چونکە لە زمانی عەرەبیدا بۆ نێرینە و مێیینە نیشانەی تایبەتی هەیە و پێویست بە نووسینی ئەو زیدکراوە نەبوو. لێرەدا مەبەست لە "قانوون" ە کەش دیاری نەکراوە کە کامە دەق ( تێکست) سەرەکییە و کاتی سەرهەڵدانی ناکۆکی و لێکدانەوەی قانوون کامە دەق( ئینگلیزیی ، عەرەبیی، کوردیی) بۆ شرۆڤەکردن پەیرەو دەکرێ.

Article 2 [Transitional Period]
(A) The term "transitional period" shall refer to the period beginning on 30 June 2004 and lasting until the formation of an elected Iraqi government pursuant to a permanent constitution as set forth in this Law, which in any case shall be no later than 31 December 2005, unless the provisions of Article 61 are applied.
(B) The transitional period shall consist of two phases.
(1) The first phase shall begin with the formation of a fully sovereign Iraqi Interim Government that takes power on 30 June 2004. This government shall be

constituted in accordance with a process of extensive deliberations and consultations with cross-sections of the Iraqi people conducted by the Governing Council and the Coalition Provisional Authority and possibly in consultation with the United Nations. This government shall exercise authority in accordance with this Law, including the fundamental principles and rights specified herein, and with an annex that shall be agreed upon and issued before the beginning of the transitional period and that shall be an integral part of this Law.

(2) The second phase shall begin after the formation of the Iraqi Transitional Government, which will take place after elections for the National Assembly have been held as stipulated in this Law, provided that, if possible, these elections are not delayed beyond 31 December 2004, and, in any event, beyond 31 January 2005. This second phase shall end upon the formation of an Iraqi government pursuant to a permanent constitution.

### ماددەی دوو[ قۆناخی ئینتیقالی]

**دەستەواژەی" قۆناخی ئینتیقالیی " ئاماژە بەو قۆناخەیە کە لە 30 مانگی حوزەیرانی 2004 ەوە دەست پێدەکا و تا پێکهاتنی دەوڵەتێکی هەڵبژێردراوی عێراقی بە پێی قانوونێکی هەمیشەیی وەکو ئەوەی لەو قانوونەدا هاتووە کۆتایی پێدێ،کە لەهەرحاڵدا نابێ لە 31 کانونی دووەمی 2005 دواتر بێ مەگەر بۆ بە جێگەیاندنی هەلومەرجەکانی ماددەی 61 .**

**دەورەی ئینتیقالی بریتین لە دوو قۆناخ(فاز):**

**قۆناخی یەکەم بە پێکهاتنی دەولەتێکی کاتی عێراقی خاوەن سەروەری کامڵ دەست پێدەکا کە لە 30حوزەیرانی 2004 دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێ.**

**ئەم حکومەتە بە راوێژ و وتووێژکردن لەگەڵ بەشە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی عێراق لەژێر بەرێوەبەری شورای حکومەتی ( ئەنجومەنی حوکم) و دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان پێک دێ و و دەکرێ لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکانیش راوێژ بکرێ.**

**دەوڵەت لەسەر بنەمای پرەنسیپە سەرەکی و مافە تایبەتییەکان بە پێی ئەم قانوونە و پاشکۆیەک کە دەبێ لەسەری رێک بکەون پێک دێ کە بەر لە دەستپێکردنی قۆناخی ئینتیقالی بڵاودەکرێتەوە کە ئەوەش بەشێکی جیانەکراوە لە م قانوونە دەبێ .**

Article 3 [Supreme Law]

(A) This Law is the Supreme Law of the land and shall be binding in all parts of Iraq without exception. No amendment to this Law may be made except by a three-fourths majority of the members of the National Assembly and the unanimous approval of the Presidency Council. Likewise, no amendment may

be made that could abridge in any way the rights of the Iraqi people cited in Chapter Two; extend the transitional period beyond the timeframe cited in this Law; delay the holding of elections to a new assembly; reduce the powers of the regions or governorates; or affect Islam, or any other religions or sects and their rites.

(B) Any legal provision that conflicts with this Law is null and void.

(C) This Law shall cease to have effect upon the formation of an elected government pursuant to a permanent constitution.

### ماددەی 3[ قانوونی باڵا]

(آ) ئەم قانوونە، قانوونی باڵای وڵاتە و لەهەموو بەشەکانی عیراق بێ جیاکردنەوە پەیڕەو دەکرێ. پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ تێیدا تەنیا بە زۆربەی دەنگی سێ لەچواری ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانی و پەسندکردنی سەرجەمی شورای سەرۆکایەتی دەلوێ وهیچ ئاڵوگۆڕێکی تێدا ناکرێ کە ببێتە هۆی نوقسانی شکڵێک لە مافەکانی خەلکی عێراق کە لەبەشی دووی ئەم قانوونەدا جێی گرتووە و ماوەی دەورەی ئینتیقالیی بۆ دواترلەو چوارچێوە زمانییەی لەم قانوونەدا هاتووە درێژ بکرێتەوە یان رەوتی هەڵبژاردنەکانی کۆمەڵەی نوێ وەدوا بخا؛ یان لە دەسەڵاتی هەرێمەکان یان پارێزگاکان کەم بکاتەوە ؛ یان کار بکاتە سەر ئیسلام و هەر ئۆلییەک یان تاقم و رێ وشوێنیان.

(ب)

هەر قانوون و دەقێ قانوونێک کە دژ بەم بەندە بێ بێکەڵک و بایە.

(ج) بەرێوە چوونی ئەم قانوونە لە کاتی پێکهێنانی دەوڵەتێکی هەڵبژێردراو بە پێی قانوونی ئەساسی هەمیشەیی کۆتایی پێ دێ.

دیاریکردنی کات و مۆڵەت بۆ نووسین و پەسندکردنی قانوونی ئەساسی بە بەشداری لایەنگرانی ئەلجەعفەری و بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئەمنییەتی وڵات و خۆکێشانەوەی سوننیەکان لە هەڵبژاردن و پەنادان بە باندە ترۆریستییەکانی نیزامی تێکقرماوی پێشوو هەر وەها دەستتێوەردانی دەوڵەت و دەولەتۆکانی دەوروبەر نەگونجاوە. لەگەڵ ئەوەش لارەملی دامودەزگاکەی ئەلجەعفەریی بۆ حوکومەتی ئاخوندیی و گوێبیسی بۆ سیاسەتی دژایەتیکردنی ئێران و ترکییە لەگەڵ " کیانی کورد" گەیشتن بە رێککەوتنێک لەسەر نووسینی قانوونێک کە ویست و داخوازە سەرەکییەکانی گەلی کورد دەستەبەر بکا زۆر دژوارە. گەیشتن بە رێککەوتن لەگەڵ حیزبەکەی ئەلجەعفەریی بۆ بنەبڕکردنی کێشە سەرەکییەکان و یەک لەوان گەراندنەوەی کەرکوک وچارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکانی وڵات لە شارەگەورەکان کە کوردیان تێدا نیشتەجێن وەکو موسڵ و بەغدا و... بەلەبەرچاوگرتنی گرێدراویی حیزبەسیاسییەکەی ئەلجەعفەریی بە نیزامی ئاخوندیی ئێرانەوە ئەگەر محاڵ نەبێ گەلێ دژوارە.

مەسەلەی موسڵ بە بوونی دووگەڵی کورد وعەرەب تێیدا و پێشینەی مێژوویی ئەو شارە کە شار و شارۆچکە ی دەورو بەری موسڵ کوردن چۆن چارەسەر دەکرێ کە پێش بە شەری کورد و عەرەب بگرێ بەراستی دژوارە و کەسانێکی شێلگیر و پشوودرێژ دەبێ لێیبەرپرس

بن. بەلەبەرچاوگرتنی ئەە کە ئەلجەعفەری بەرنامەی سیاسی خۆی دیاری نەکردووە، پێشبینی کردنی وەزعەکە دژوارە.

Article4 [Form of State]
The system of government in Iraq shall be republican, federal, democratic, and pluralistic, and powers shall be shared between the federal government and the regional governments, governorates, municipalities, and local administrations. The federal system shall be based upon geographic and historical realities and the separation of powers, and not upon origin, race, ethnicity, nationality, or confession.

## ماددەی 4 [ نیزامی حکومەتی]

**سیستمی حکومەتی لەعێراقدا کۆماری، فیدراتیو، دێموکراتی و فرەحیزبی دەبێ و دەسەڵات لە نێوان حکومەتی فێدراڵی**
**( ناوەندی) و حکومەتەکانی هەرێمی (فێدراڵی هەرێمی) و پارێزگە، شار و ئیدارەیلی ناوچەیی دابەش دەکرێ. سیستمی فێدراڵی لەسەر بنەمای واقعییەتە جوگرافی و مێژووییەکان و پرنسیپی جیایی هێزەکانە نە لەسەر بنەمای پرنسیپی قەومی یان ئۆلی و تایفەگەری و ئیتنیکی. ئەم بەندە لە قانوونەکە زۆر سەرنجراکێشە. پێویستە بە وردی باسی لەسەر بکری. چونکە بنەمایە بۆ دیاریکردنی پرەنسیپەیلێ کە لەبەندەکانی ئەو قانوونەدا هاتوون.**
**سیستمی کۆماری فێدراڵی:**
**کۆماری فێدرالی وڵاتگەلێکی یەکگرتووە کە دەوڵەتێکی فدرالی ناوەندیی بەیەکەوەیان دەلکێنێ. لە فێدراسیۆندا حاڵەتی خۆئیدارەیی هەرێمە خودموختارەکان حکومەتیان سەربەخۆیە و ناکرێ لەلایەن دەوڵەتی فێدراڵەوە ئەو حاکمییەتە بە شێوەی یەک لایەنە خەوشدار بکرێ یان وەربگیرێتەوە.**
**سێ وڵات بە شێوەیەکی ئاشکرا خۆیان وەکو کۆماری فێدرال پێناسەدەکەن: کۆماری فێدراڵی ئاڵمان،کۆماری فێدراڵی نیجێریا و کۆماری فێدراڵی دێموکراتیکی ئێتیۆپیا. جۆرێکی نزیک بەوانە کۆماری فێدراتیوە کە بەشێوەی تەواو فەرمی( رەسمی) بە حکومەتی برازیل دەگوترێ. با ئەوەش بگوترێ کە هەر فێدراسیۆنێکیش کۆماریی نییە. بۆ نموونە کانادا، ئوستralia و مالێزیا بە پێی قانوونی ئەساسیی**
**( بنچینەیی) پاشایەتی فێدراڵین بە سیستمی پارلمانییەوە.**

**کاتێ باس لە فێدرالیزم دەکرێ مەبەست ئەو نیزامە سیاسییەیە کە کە دەسەڵاتی بە تەواوی لەنێوان بەشە یەکگرتووەکان و ناوەند دابەش دەکرێ. بە پێچەوانەی دەوڵەتی تەواوخواز ، حاکمییەت بەپێی قانوونی بنچینەیی لە نێوان لانی کەم دوو ناوچەی هاوکوف کە یەکیان گرتووە خاوەنی دەسەلاتی یەکسانن و دەتوانن هەرکام بێ ئەوی دیکە حکومەتی سەربەخۆی لەبەشی خۆیدا هەبێ. هاووڵاتیان لەبەرامبەر ئەو دوو دەسەڵاتەدا بەرپرسایەتی سیاسییان هەیە.**

**( ئیلزاماتی سیاسیی).**
**سنوری دەسەڵاتی نێوان هەرێمەکان و ناوەند دەکرێ جۆراوجۆر بێ . لەچەشنیک دا ناوەند دەسەڵاتی چاوەدێریکردنی بەسەر بەشی نیزامی و کاروباری دەرەوەدا هەیە. بەڵام هەرێمەکانیش دەوری نێونەتەوەییان هەیە. ئەوانیش دەتوانن لە بریارداندا بەشداری بکەن. بەشی زۆری شارەزایانی فەلسەفەی سیاسی لەم دوایانە رایان بۆ نوێکردنەوەی سیستمی فێدرالیزم رای ئەرێیی دەردەبرن. لێکگرێدانی دەسکەوت و ئەزموونەکانیان لەو بوارەدا بۆ دروستکردنی متمانە و باوەریی کە پێویستیی و بنەمای قانوونیە بۆ هاووڵاتیانی نێو فێدراسیۆنەکان بنەمای ئەو داخوازەیە. ئەزموون و پراتیکی نەزەری و عەمەلی ولاتانی وەکو کانادا و ئوستراليا و مالێزیا لە و زەوینەیەدا بۆ وڵاتانێک کە خاوەنی سیستمێکی فێدراڵین سەرنجراکێشە و رێگەچارەیەکی باشە بۆ ئەو وڵاتانەی کە نەتەوەی جۆراوجۆر و ئیتنیکی جیاوازیان هەیە و ئێستا لە نیزامێکی سیاسیی نوێ دەگەرێن.**
**ئەوەی کە دەبێ لێرەدا وەبەرچاوبگیرێ مەسەلەی دابەشکردنی دەسەلاتی سیاسی، ئابوریی، کۆمەڵایەتی و بە گشتی هەموو سەلاحییەت و ، ماف و ئەرکێکی حکومەتییە. خەڵک کە سەرچاوەی هەموو مافێکە و حاکمییەت، شەرعی بوونی خۆی لە گەلەوە وەردەگرێ. هیچکام لە دوو گەڵی عەرەب و کورد بۆی نییە ئەوی دیکە لە مافی سروشتی و یەکسانی سیاسی بێبەش بکا. ئەم دابەشکردنە نێوخۆیییەی حاکمیەت بە ( dual sovereignty)**
**کە تایبەت بە نیزامی فێدراڵییە نابێ لەگەڵ جیاکردنەوەی هێز و دەسەڵات ( separation of powers) تێکەڵ بکرێ. چونکە لە دێموکراسی پارلمانیدا جیاکردنەوەی هێز هەیە و مەرجی پێویستی حکومەتی فێدراڵیشە. لەگەڵ ئەوەش هەموو حکومەتێکی پارلمانیش دەکری فدراتیو نەبێ. بەڵکو پێویستە کە حکومەتی پارلمانی بۆ ئەوە ببێتە حکومەتێکی فێدرالی دەسەڵات بە شێوەی دیرەکی ( عمودی) دابەش بکرێ و حاکمییەتی دوو یان چەند لایەنە لە وڵاتدا پێک بێ.**
**لەخوێندنەوەی ئێستا و ئەزموونی باشی وڵاتانی فێدراڵی وەکو کانادا و ئوستراليا و وڵاتە ئوروپاییەکان ئەو بۆچوونە کۆنە رەت دەکرێتەوە کە ناوەند خاوەنی مافی رەهای پێراگەیشتنی کاروباری دەرەوەو لەشکریی وڵات بێ.**
**لە قانونی ئەساسی کانادا سنوری سەڵاحییەتەکانی هەرێمەکان دیاری دەکرێن و باقییەکەی بۆ ناوەندە . لە ئەمریکا بە پێچەوانەیە. لە سویس دەوڵەتی ناوەند لە کاتی شەردا مافی هەبوونی ئەرتەشی نییە. واتە سیستمی فیدراڵی بە پێی رێککەوتنی ئیرادیی هەرێم و ناوچەکان و لەسەر ئەساسی بەرابەرحقوقیی سیاسیی دادەمەزرێ نە ئەوە کە لەلایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە هێندێک سەلاحییەتی بەرێوەبەریی هەر وەکو لە خودموختاریدا هەیە بدرێ بە هەرێمەکان.**
**یەکەم دامەزرێنەرانی حاکمیەتی دوولایەنە لە مێژوودا نووسەرانی قانوونی ئەساسی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بوون کە یەکەم سیستمی فێدراڵییان بەو چەمکە کە ئێستا ئێمە لێی دەدوێین دایانمەزراند. لەو رووەوە کە قانوونی ئەساسی کاتی عێراق لە لایەن ئەمریکاییەکانەوە ئامادە کراوە جێی خۆیەتی لەو بەشەدا لەئەزمونی کانادا و سویس بۆ کاروباری دەرەوە کە سەڵاحییەتی هەبوونی ئەرتەش و پێوەندیی سیاسی لەگەڵ جیهانی دەرەوە و ئەندامەتی لەدامودەزگا نێونەتەوەییەکان بۆ دەوڵەوڵەتی فێدراڵە نە بۆ ناوەند رەچاو بکرێ و بنوسرێ.**
**با تەئکید بکرێتەوە سەر ئەو خاڵە، هەروەک سەرۆکی کوردستان لە هەموو کاتێکدا لایەنگری مانەوەی هێزی پێشمەرگەبووە، بۆ بەشی کاروباری دەرەوەش ئەو سەڵاحییەت و مافە نابێ**

**بەتەواوی بە ناوەند بدرێ کە پێراگەیشتن بە کاروباری دەرەوەی وڵات لە سەڵاحییەتی ناوەند دابێ. بەبروای من ،مەسەلەی پێوەندیی دەرەوە لە بەشی ئەرتەش و پێشمەرگە بۆ گرنگیی نامیێنێتەوە. هەموو کەین و بەینەکان و دارشتنی سیاسەتی دژ بە کورد لەلایەن بەشی کاروباری دەرەوە جێبەجێ دەکرێ. لەو رووەوە مەسەلەی پێوەندیی دیپلۆماسی بە دەرەوەی وڵات، مەسەلەی هەرەگرنگی کوردە. هەر لەبەر ئەوەیە کە کورد دەبێ شێوە سیستمی سیاسی سودان ، کانادا، ئوستralia یان ئوروپاییەکان لە قانوونی ئەساسی هەمیشەییدا بگونجینێ و بە هیچ جۆر کورد رێگەنەدا ئەو دووسەڵاحییەتە بۆ دەوڵەتی ناوەندی بە شێوەی رەها تەرخان بکرێ.**

**دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان دەوڵەتی ناوەند وهەرێمە فێدراڵییەکان لە قانوونی ئەساسی وڵات دا دەبێ بە وردی دیاری بکرێ و بنوسرێ. سنوری دەسەلات و و میزانی ئیختیار و سەڵاحییەتی دەوڵەتی ناوەندی و دەوڵەتە فێدراڵییەکانیش روون و دیایکراوبێ. بەلام ئەو میزانە و ئەو سنورە لە ولاتێکەوە بۆ وڵاتانی دیکی جیاوازە. واتە لە هەموو وڵاتانی فێدراڵ سەلاحییەت و دەسەلاتی دەوڵەتەفێدراڵەکان یەکسان نین، یەکگرتنی دوو یان چەن لایەن ئەو دەسەڵاتە دیاری دەکا.**

**تایبەتمەندییەکی دیکەش وڵاتی فیدراڵی لە غەیرە فێدراڵ جیا دەکاتەوە ئەویش ئەوەیە کە سانترالیزم و جیابوونەوە وەکو پرەنسیپ وەلادەنرێن. هەرچەند ژمارەی ولاتە فێدراڵییەکان لە بیست و چەند وڵاتێک تێناپەرێ، لەگەڵ ئەوەش بەشی هەرەزۆری وڵاتانی جیهان لەو سیستمە حکومەتییە کەڵک وەردەگرن. مەسەلەی گرینگ ئەوەیە کە فەرهەنگی گەلانی رۆژهەڵات لەگەڵ رۆژاوا و ئوروپاییەکان نابێ بۆ رۆژهەڵات و بۆ ئێمەی کورد وەبەرچاو بگێرێ. روحی نادیموکراتی رۆژهەڵاتیی و دەستتێوەردانی دەوڵەتەکان لەکاروباری یەکتر هەموو کاتێ ئەو دەرەتانە پێک دێنی کە دیکتاتوران، وڵات بەرەو شەرو ئاژاوە بەرن و سیستمی وڵات هەڵوەشێننەوە.**

**لە بریتانیا هەرچەند وڵاتێکی فێدراڵ نییە بەڵام هەرێمەکانی سکاتلەند و ویلز و تارادەیەک ئیرلەندی باکوریی پارڵمانی هەرێمی خۆیان هەیە و دەسەڵاتی بەرچاوی خۆشیان هەیە. بۆ دارشتنی قەوارەی فێدراڵی حکومەت ، دوو ئاکام و بەرهەمی پێوەلکان دەبێ وەبەرچاو بگیرێ. یەکەم پێکەوە لکانی دوو دەوڵەت یان دوو هەرێم یان دەوڵەت و هەرێمێک کە ناوچەگەلێکی سیاسی سەربەخۆ پێک دێنن. ئەم پێکەوە بوونە بە ناوی فێدراڵ یان بە سیستمی کۆنفێدرال ناودێر دەکرێ.**

**دووەم ئەو دەوڵەتە سێنتراڵ و کۆیانە کە بەشێوەی دیرەکی (عمودی) دەسەڵاتی سیاسییان دابەش دەکرێ. شکلی کۆنفێدراتیو لە ئەزمونی وڵاتانی سویس و سەرەتای دامەزرانی حکومەتەکانی ئەمریکاوە و هەر وەها هولەندەوە دەست کەوتووە. لەهەلومەرجی ئێستادا ئەو دەوڵەتانە و یەکێتی ئوروپا نموونەی سیستمی فێدراتیو و کۆنفێدراتیون.**

**لە ولاتگەلێ وەکو برێزیل و بلژیک و هیند و ئارژانتین بە بڵاوکردنی دەسەڵاتی ناوەندی بە سەر ناوچەکاندا بە شێوەی دیرەکی و دروستکردنی حاکمییەتی – خۆحکومەتی و حکومەت– هاوبەشی حکومەتی فێدراڵیان پێک هێناوە.**

**سودان و دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی حکومەتی ناوەندییەکەی باشترین نموونەیە بۆ کورد کە نیزامە پەسندکراوەکەی ئەوان بۆ کورد رەچاو وپەسند بکرێ.**

**مادەی چوار ئاماژە بە دوو جۆر دابەشکردنی دەسەڵات دەکا : یەکەم دەسەڵاتی دیرەکی یا ئەستوونی (عمودی) کە هەموو دەسەلاتی سیاسی ، ئابوریی، کۆمەڵایەتی فەرهەنگی دەگرێتەوە. واتە دەوڵەتی ناوەندیی هەر سەڵاحییەتێکی کە لە ناوەندا هەیەتی دەوڵەتە فێدراڵە هەرێمییەکانیش لە هەرێمدا**

هەیانە. بەومانایە ئەو دەوڵەتە فێدرالانە دەسەڵات بە مانای گشتیی خۆی لە گەڵ ناوەند بەش دەکەن.
دووهەم دابەشینی دەسەڵاتی ئاسۆیی یان (افقی) کە بریتییە لە دابەشینی سەڵاحییەتی ئۆرگان و سازمانەکانی حکومەتی، لەروی نەوعییەت و شکلی دەسەڵاتەوە. حاکمییەتی دەوڵەت یان دەسەڵات لە سێ بەش پێک دێ: دەسەلاتی قانووندانان یان تشریع ( مقننە) بەڕێوەبەریی، یان ئیجرایی، تنفیذی( مجریە) کە لەمەفهومیکی بەرتەسکدا بە دەوڵەت ناودێر دەکرێ. سێهەم دەسەڵاتی دادوەری، عدلییە، (قضائیە)

قانونی ئەساسی فەنلاند بۆ دیاریکردنی سیستمی سیاسی – قەوارەیی وڵاتەکە لە ئەسڵی یەکەمی خۆیدا دەنووسی:

کۆماری فەنلاند وڵاتێکی سەر بەخۆیە کە قانونە بنچینەییەکەی لەسەر بنەمای قەوارەی حکومەتی ئێستای و قانوونەکانی دیکە داندراوە.
مادەی2
حاکمییەتی رەها هی خەڵکە کە ئەو حاکمییەتە لەلایەن نوێنەرانی خەڵکەوە لە پارلمان بەڕێوە دەبردرێ.
قانووندانان لەلایەن پارلمانەوەیە و لە پێوەندی لەگەل سەرۆک کۆمار دایە.
ماددەی 3
دەسەلاتی ئیجرایی سەرۆک کۆمارو شورای وەزیران و سەرۆک وەزیران بەڕێوەی دەبەن ...
دادوەری بە دادگە سەربەخۆکان دەسپێردرێ.

بەشێک لە مادی 4 ئەوقانوونە ناروونە چونکە لەلایەک ولاتەکە فێدراڵییە و پێوەندییە مێژووییەکان بنەمای فێدراڵییەکەیە دەسەڵات بەسەر دەوڵەتە ناوچەییەکان (هەرێم فێدراڵەکان) دا دابەش دەکرێ. هەر لەهەمان کاتدا بنەمای نەتەوەیی– سیاسیی لەریزی ئایین و رەسەن و جسن و ئیتنیک دادەندرێ. بەم شێوەیە نووسەرانی ئەم قانوونە گرێ کوێرەیەکیان دروست بکەن و جێگەی مشتومر و چەلەحانەیان بۆ شوینیستەکانی نەتەوەی فەرمانرەوا هێشتووەتەوە. واقعییەتی مێژوویی چییە و راستیی جوغرافیایی کامەیە و لە کەیەوە دەست پێدەکا و چ سەردەمێک لەو چوارچێوەیەدا جێدەگرێ نەدیارە. ئایا دەکرێ ئەو پێوەندییە مێژووییەی سەردەمی بەر لە دابەشکردنی کوردستان بگرێتەوە، یان ئەو سەردەمە دەگرێتەوە کە هەژاری نەمر داژداری کورد دەبێژێ :
"ئەسکەندەرون، ئورفە ،خەرپوت
عەقرە،موسڵ، عەمارە ، کوت "
نێوە راستی کوردستان و خاکی کوردن. ئەو شوێنانە سەردەمێک دەگرنەوە کە عەرەبی لێ نەبوون؟ یان ئەو واقعییەتە تاڵە دەگرێتەوە کە ئەنفال و گازی شیمیایی خولقاندی؟ یان ئەو پێوەندییە مێژووییە لە روخانی رژیمەوە دەست پیدەکا و ئەو سیستمە نوێیەی کە ئەمرۆ دادەمەزرێ هیچ

پێوەندییەکی بە رابردووەوە نییە و بنەمایەکی  تازەیە بۆ دانانی حکومەتێکی دادگەرانە کە ماف و بەرژەوەندەکانی هەموو خەڵکی عێراق دەناسی و غەدری رژیمە کانی پێشوو قەرەبوو دەکاتەوە ؟
لەهەر حاڵدا حکومەتی نوێ بەرپرسە بۆ قەرەبوکردنەوەی هەموو نادادگەرییەک کە بە ناوی حکومەتەوە کراوە. یەک لەو بێعەداڵەتییە کە لە کورد کراوە و هەرگیز کورد پێی رازیی نەبووە ، دابەشکردنی کوردستان و لکاندنێتی بە بەشی عەرەب نشینەوە . ئاکامی ئەم دابەشینەش بێبەشکردنی کورد لە مافی نەتەوەیی خۆی و نابودکردنێتی. بەدرێژایی زیاتر لە هەشتا ساڵی رابردوو کورد لەباشور مافی پێشێل کراوە. ئەمرۆ کە عێراقێکی نوێ دادەمەزرێ دەبێ ئەو بنەمایە تازە بکرێتەوە چونکە بنەما کۆنەکە لەناو چووە. ئەو وەچەیەی کە نیزامە کەونەکەی دامەزراندبوو نەماوە. لەبەر ئەوە نیزامی تازە دەبێ وەڵامی ویست و داخوازەکانی وەچەی تازە بداتەوە.  لەو رووەوە کە داڕێژەرانی گەڵاڵەی قانوونی ئەساسی کاتی کورد نەبوون و بەشدارییان لە نووسینیدا نەکردووە، جێی سەرسووڕمان نییە ئەگەر مافی زەوتکراوی کورد تێیدا دەستەبەر نەکرابێ، یان بەشێوەیەکی ناتەواو ئاماژەیەکیان پێنەکردبێ.
داڕێژەرانی ئەو گەڵالەیە ویستویانە بە دابەشکردنێکی ئیداریی کە کورد لەمەو بەر بەناوی لامەرکەزیی دەیناسی وەڵامی مەسەی کورد بدەنەوە.
مەسەلەی کورد ئەوەتا بووە و بەر لە دامەزرانی عێراق ولەشەری چاڵدران و بەر لەویش بەردی بناخەی هەموو گێرەو کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بووە. لە حکومەتی ئەیوبییەکان بەم لاوە ئەوەی شەر و شور بووە لەسەر خاکی کورد و تاڵانی ماڵی کورد بووە. دۆزی نەتەوەیی کورد ئەمرۆ سەرەکیترین گیروگرفتی جیهانە. هەموو لایەک دەزانن کە خەباتی کورد لەو رۆژەوە کە عێراق دامەزراوە دژی ئەو پێوەلکاندنە زۆرەملییەبووە و تا ئەمرۆ جیا لەمەسەلەی نەتەوایەتی و دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆ بۆ کورد هیچ مەسەلەیەکی دیکە دژ بەو حکومەتە لە ئارادا نەبووە.
پەسند کردنی نیزامێکی فێدراڵی بۆ عێراق و مسۆگەر کردنی مافی کورد  لە قانوونی ئەساسییدا دیاردەیەکی نوێ و دەگمەن نەبوو کە کتوپر وەدیهاتبێ و سیاسەتڤان  و بەرێوەبەرانی  حیزبە سیاسییەکان کاریان بۆ نە کردبێ.  لەگەڵ ئەوەش ئەزموونی گەلانی دیکە  – لانی کەم 23 دەوڵەتی پێشکەوتووی جیهان ئەو سیستمە حکومەتییە پەیرەو دەکەن و مافی سیاسیی وەکوو یەکی گەلان دەپارێزن.

*

رێککەوتنی نوێنەرانی سیاسی باشوری سودان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی کە مەسەلەکەیان لە لایەنی جۆراوجۆرەوە  هاوتای مەسەلەی کوردە، دەکرێ بکرێتە  نموونەیەک  بۆ دارشتنی قانوونی ئەساسیی عێراق. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە خەڵکی جنووبی سودان چارەکە سەدەیەکە بۆ وەدەست هێنانی ئازادیی خۆی راپەریوە. بە ملیۆن قوربانی داوە و سەرەنجام لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی سودان رێککەوتووە. بەندگەلێک لە رێککەتننامە مێژوووییەکەیان بۆ ئاشنا بوون دەخەمە بەر سەرنجی خوێنەرانی بەرێزی ئەم باسە و پێویستە نوێنەرانی کورد کە لە دارشتنی گەڵالەی نوێدا بەشداری دەکەن ئەو پەیماننامەیە وەکو دۆکۆمێنتێکی نێودەوڵەتی وەبەرچاو بگرن و بەکەمتر لەوەی کە لەو پەیماننامەیەدا هاتووە بۆ کورد  رازی نەبن.  گرنگی ئەو پەیماننامەیە لەوە دایە کە  بە ئاگاداری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، یەکێتی ئوروپا، اتحادییەی عەرەب و لەگەڵ ولاتانی

ئەفریقایی، لە نێوان سەرکردایەتی بزووتنەوەی باشوور بە سەرۆکایەتی جۆن گەرەنگ و نوێنەری دەوڵەتی سودان لە 20 جولای 2002 واژۆ کراوە و نوێنەرانی ئەو وڵاتانە بەڕێوەبردنی ئەو پەیماننامەیەیان دەستەبەر کردووە.

PRINCIPLES)–(AGREED

1.2 That the people of South Sudan have the right to control and govern affairs equitably in the National Government. in their region and participate

, inter right to self–determination1.3 That the people of South Sudan have the alia, through areferendumtodeterminetheirfuturestatus.

1.4 That religion, customs, and traditions are a source of moral strength and inspiration for the Sudanese people.

1.5 That the people of the Sudan share a common heritage and aspirations and accordingly agree to work together to:

1.6 Establish a democratic system of governance taking account of the cultural, ethnic, racial, religious and linguistic diversity and gender equality of the people of the Sudan.

1.7 Find a comprehensive solution that addresses the economic and social deterioration of the Sudan and replaces war not just with peace, but also with social, political and economic justice which respects the fundamental human and political rights of all the Sudanese people.

## ماددەی1.بەندی 2

خەڵکی باشوری سودان لە هەرێمەکەی خۆیاندا مافی کۆنترۆڵ و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی خۆی هەیە و بە مافی یەکسانەوە لە دەسەڵاتی ناوەندییدا بەشداری دەکا.

ماددەی 1 بەندی 3 .

خەڵکی باشوری سودان مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەیە و لە ریفراندۆمێکدا دادێی( ئاینده) خۆی دیاری دەکا.

1.4

ئایین،خووخدە، رێوشوێن،سەرچاوەی رەوشتی و روحێ بۆ خەلکی سودانن.

1.5

خەلکی سودان خاوەنی میراتێکی رووحی هاوبەشە لەو رووەوە بریاردەدەن وێکرا کار بکەن بۆ:

1.6

بۆ دامەزراندنی سیستمێکی حکومەتی دێمۆکراتی جیاوازی زمانی، ئایینی ، رەسەنی، ئیتنیکی، کولتوری ، یەکسانی جنسی خەڵکی سودان وەبەرچاو دەگیرێ.

1.7

رێگەچارەیەکی هەموولایەنە بۆ تێهەلهێنانەوەی وێرانی ئابووری و رێکوپێک کردنی وەزعی کۆمەلایەتی سودان کە نەهەر ئاشتی لە جێی شەر دابنێ بەڵکو دادگەری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی دابین بکا، رێز بۆ مافەکانی سیاسی و مافەکانی بنەمایی مرۆڤ بۆ هەموو خەڵکی سودان بەیەکسان دابنێ.

بە پێی ئەو رێکەوتننامەیە خەڵکی باشوری سودان ئازادە لە رێفراندۆمێکدا بەشداریی بکا و دەنگ بۆ مانەوە یان جیابوونە لە بەشی باکوری سودان بدات. خەلکی باشور بە پەسندکردنی قانوونێکی کاتی بۆ ماوەی شەش ساڵ لەگەڵ باکوری سودان دەمێنێتەوە. بە پێی ئەو پەیماننامەیە کە خەلکی سودان لەگەڵ باکور هەیەتی، نیوەی داهاتی نەفت وەردەگرێ و ئەرتەشی تایبەتی دەبێ و هەموو کاروباری وڵاتەکەی خۆی بەرێوەدەبا و رێبەری بزووتنەوەی باشور واتە جۆن گارەنگ دەبێتە جێگری سەرۆک کۆماری سودان.

لەپێوەندیی لەگەڵ" قانوونی کاتی ئیدارەی عێراق دەبێ ئاماژە بکرێ کە دەقی سەرەکی ئەو قانوونە بە زمانی ئینگلیزی بووە و دواتر عەدنان پاچەچی ئەندامی حیزبێکی عەرەب کردوویە بە عەرەبی.

دەقی گەڵاڵەی "قانوونە کاتییەکە"، بە زمانی ئینگلیزی کە لەرۆژی "هەشتی دووهەزار و چوار دا پەسندکرا بەم جۆرە دەست پێدەکا:

Iraq _ Interim Constitution

سەردێری رەسمیی( فەرمیی) قانوونەکە ئاوایە : "قانونی ئیدارەی حکومەتی عێراق بۆ قۆناخی کاتیی"–

یادداشتی سەرۆکی چاپ و کۆنترۆلی تێکست:
ILC
**قانوونی بنەمایی ( بنچینەیی)لەسەر تێکستی(دەق) چاپکراو لە لایەن دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانانەوە داندراوە.**
**ژمارەیلی پاراگراف و سەردێرگەلی بەشەکان پاژێکی دەقە سەرەکییەکەیە. عینوانی ماددەکان و نیشانەیلی نێوجێیی بە مەبەستی ئەم چاپە لێی زیادکراوە.}**
**پێشەکیی( دیباچە)**
**ئەم بەشە بەو شێوەیە دەست پێدەکا:**

Preamble

The people of Iraq, striving to reclaim their freedom, which was usurped by the previous tyrannical regime, rejecting violence and coercion in all their forms, and particularly when used as instruments of governance, have determined that they shall hereafter remain a free people governed under the rule of law.

These people, affirming today their respect for international law, especially having been amongst the founders of the United Nations, working to reclaim their legitimate place among nations, have endeavored at the same time to preserve the unity of their homeland in a spirit of fraternity and solidarity in order to draw the features of the future new Iraq, and to establish the mechanisms aiming, amongst other aims, to erase the effects of racist and sectarian policies and practices.

**وشەی people ناوە، کۆیە و بە مانای خەلک، کۆمەڵ یا گرووپەیلی مرۆڤن کە خاوەنی ئۆگریی هاوبەشن. هەروەها بە مانای کۆمەڵێ کەسن کە کولتور، خووخدە، عورف و عادەت و شێوەرەفتار و پێوەندییەکی گشتی، زمانێکی هاوبەشن و هاوباوەری لێکیان گرێ دەدا و سازمانی سیاسی پێک دێنن.**
**وە کو دەبینین دەقەکە بە زمانی ئینگلیزی بە وشەی people کە کۆیە و مانای خەلک دەدا و تاکە گەلێک مەبەست نەبووە، لە دەسپێکی قانوونەکەدا هاتووە. لە دەقە وەرگێردراوە عەرەبییەکەدا بە" الشعب العراقی" و لە وەرگێردراوە کوردییەکەی دا بە" گەل" مانا کراوەتەوە.**
**وشەی" الشعب" لە کەلامی پیرۆزدا تاقە جارێک بە کۆ بەکار هێنراوە.." و جعلناکم شعوبا و قبائل لتعارفوا... بەکارهێنانی وشەی" الشعب" بە مانای کۆمەڵێکی گەورەیٚ سەر بە تاکە رەچەڵەکێکە کە تایبەتمەندیی خۆی وەکو زمان و مێژوو و خوو رەوشت و کولتوری خۆی هەیە، هۆزەکان لە خۆیدا کۆدەکاتەوە و بە یەک زمان دئاخفیٚ و خاوەنی تایبەتمەندییە. لە جیاتی هاوتای وشەی people لە ئینگلیزییدا das Voelk ,die Leute ئاڵمانیی و مردم فارسیی و Population فەرەنسی بەکار هێنراوە. هەرچەند ئەو وشەیە لە جیاتی سکان بە مانای دانیشتووانی شوێنێک وەکو"سکان سوریا"، "سکان ترکیا" ، "سکان عراق"... بەکاری دێنن بەڵام زانستییانە نییە.( د.ج. نەبەز) عێراق وڵاتی کورد و عەرەب و کەمایەتییەکانی دیکەیە و وشەی" الشعب" بۆ ئەو شوێنە و لەجێی وشەی people پر بەپێست نییە. قانوونی ئەساسی عێراق لە برگەی 3 ساڵی 1958دا کوردو عەرەب بە شەریک لە عێراقدا دەناسێ. هەروەها دەستوری ساڵی 1970هەر ئەو پرەنسیپ و ئەسڵە دووپات دەکاتەوە. پێشینەی مێژوویی بەیانییەی 11ی ئازار و قانوونی بنەمایی ساڵی 1990 بەندی 5 و برگەی 3 و2 ئەوە دەسەلمێنیٚ کە دەڵیٚ:**

The Iraqi people are composed of two principal nationalism:the Arab nationalism and the (b) Kurdish nationalism

This constitution acknowledges the national rights ohf the Kurdish people and the legitimate )C( rights of all minorities with in Iraqi unity.

**بڕگەی (ب): خەلکی عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکیی کورد و عەرب پێکهاتووە.**
**برگەی( س):**
**ئەم قانوونە بنچینەییە مافەکانی نەتەوەیی کوردو مافەکانی قانوونی هەموو کەمایەتییەکان لە نێو خۆی عێرقدابە رەسمی دەناسێ.**

**بەندەکانی قانوونی فێدرالی لەگەل ئەو شێوەدارشتنەی سەرەتای قانووونەکە یەکگرتوو نین.**
**شوینیستەکانی داگیرکەری کوردستان کاتێ لە "شعب" یان میللەت دەدوێن، مەبەستیان نەتەوەی دەسەلاتدار یا زۆرینەی حاکمە و گەلانی دیکە بە کەمایەتی دادەنێن یان بە" قوم" ناودێریان دەکەن.چونکە نایانەوێ دان بەمافی یەکسانی سیاسیی کورد دابنێن و دەسەڵاتیان لەگەڵ بەش بکەن.( بروانە بۆچوونی شوێنیستەکانی ئێرانی لەو باسەدا.) دەقی ئینگلیزی قانوونەکە باسی گەلی عێراق ناکا بەڵکو روی لە دانیشتوانی عێراقە نە گەلی عێراق، بەو جۆرەی کە لە وەرگێردراوە کوردی و عەرەبییەکەدا هاتووە.**

**لەوە ناچێ ئەو دەقە ئینگلیزییە بەو شێوەیەی کە ئامادەکراوە لەبەردا لەلایەن نوێنەرانی کورد و عەرەبەوە "مناقشە" ی لەسەرکرابێ و خرابێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.**
**گرنگترین خاڵی ئەو قانوونە، ماددەی چواری دەقە ئینگلیزییەکەیە کە بەم جۆرە نووسراوە:**
**سیستم و نیزامی حکومەتی عێراق کۆماریی ، فێدراڵی، دێموکراتیک و فرە حیزبی ولایەنی دەبێ و دەسەلات لە نێوان دەوڵەتی فێدرال و دەوڵەتەکانی هەرێمی و پارێزگاکان، شارەوانی و دائیرە ناوچەییەکان دابەش دەکرێ.**
**دابەشکردنی دەسەلاتی سیاسیی دەبێ بنەمای ئەو دابەشکردنە بێ. شێوەی دابەشکردنەکەش ئەستوونی(عمودی) واتە دیرەکی بێ نە ئاسۆیی(افقی). بە وتەیەکی دیکە دابەشکردنی دەسەلاتی سیاسی مەبەستی کوردە نە ئەرکی ئیداریی. دەسەلاتی ئیداریی بریتییە لە راپەراندنی ئەو ئەرکانەی کە لەلایەن ناوەندەوە بۆ ئۆرگانەکانی ناوچەیی دیاری دەکرێن. بە لام دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسیی بە مانای دیاریکردنی مافی سیاسیی یەکسانی نەتەوەی کوردە لە گەڵ عەرەبی عێراقی. بە مانای دابەشینی دەسەڵاتی ئابووریی و دیاریکردنی مافی کوردە لەسامانی وڵاتەکەی خۆی تا ئەمرۆ داگیرکرابوو. دوو نەتەوەی کورد و عەرەب چۆن دەتوانن پێکهێنەری عێراق بن و دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیان بەرامبەر نەبێ؟ ئەو بەشە بۆ کورد ناسینەوەی سنوری جوغرافیایی کوردستانە بە هوییەتی کوردستانی فێدراڵەوە، نە بە ناوی هەرێمی و ناوچەیی و ئیقلیمی و شیمالی عێراقەوە.**
**کورد لە باشوری کوردستان سەر بە نەتەوەی کوردە. کوردستانیش وڵاتێکی مێژوویی ناسراوی دابەشکراوە. ئەوبەشە لە کوردستان کە بە بەشی عەرەب نشینی عیراقەوە لکێندراوە بە پێی بریاری دەوڵەتە داگیرکەرەکان بووە کە هەرگیز گەلی کورد پێی رازیی نەبووە. پێناسەکردنی کورد لەژێر " ئاوەڵناوی پێوەندیی" عیراقی" ئەو بێعەداڵەتی و بەزۆر بەستنەوەیە پینەناکا. کورد بە پێناسەی نەتەوەیی خۆیەوە و بە خاکەکەی کە بەشیک لە خاکی نەتەوەی کوردە و تەنیا گۆشەیەک لە خاکەکەی سنوری بە خاکی عەرەبەوەیە و باقی سنورە دەستکردەکانی سنوری کوردستانە. باشوری کوردستان چ لەباری نفوس و چ لە باری خاکەوە چەند هێندەی هەموو ئەو دەوڵەتۆکە عەرەبییانەیە کە شەری جیهانییان لەسەر ساز دەبێ. کێ ئەومافەی هەیە لەو سەردەمەدا کورد لە دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆی بێبەری بکا؟ مافی سیاسی یەکسان لەگەڵعەرەبی عێراقی کەمترین داخوازە کە بۆ پێکەوەبوون لەگەڵ هاوتاکەی لە**

قانوونی ئەساسیدا بناسرێ. کورد بۆی هەیە وەکو عەرەبی شیعە داوای قەرەبووکردنەوەی هەموو ئەو زیان و ماڵوێرانی و کوشتارەبکا کە لە ماوەی زیاتر لە 80 ساڵە بەسەر کورد هاتووە.

لە نیزامی فێدراڵییدا هەرێمەکان واتە دەوڵەتەکانی پێکهێنەری کۆماری فێدراڵ بەشێک لە دەسەڵاتی سیاسیی خۆیان بە ویست و ئیرادەی ئازادی خۆیان بە دەوڵەتی فێدراڵی ناوەندیی دەسپێرن( بڕوانە ڕێکەوتننامەی خەڵکی باشووری سودان و دەوڵەتی سودان)

کاتێ باس لە جیاوازیی نەتەوەیی و بڕیاری ژیانی سیاسیی هاوبەشی گەلان و یەکێتییەکی ئازادانە دەدرێ، یەکسانی ماف بە شێوەی ڕەها بۆ ئەو نەتەوانە دێتە ئاراوە. هەر یەکەیەکی سیاسیی ئەوەندەی ماف هەیە کە ئەوانی دیکە هەیانە. لەسەر ئەو بنەمایە ئەگەر" واحد" یکی سیاسی بەشێک لە مافی سیاسی خۆی بە واحدێکی ئەندامی ئەو یەکییەتییە بدا ئەوە بە مانای بێبەریکردنی خۆی لەو مافە نییە، بەڵکو ئەوە چەشنێک نوێنەرایەتی سنورداره. واتە ئەسپاردنی ئەو مافە بە مانای بیبەریکردنی دەوڵەتی فێدراڵی پێکهێنەری نیزام لەو دەسەڵاتەی خۆی نییە. بەڵکوو دانی ئەو مافە و بەکارهێنانی بەو مەرجە دەبێ کە بە مەسلەحەتی گشتیی و لەژێر چاوەدێریی خاوەن ماف بە کار بهێنرێ.

بنەمای لامەرکەزی ئیداریی نیزامی تێشکاوی پێشوو لەسەر بێبەشکردنی کورد لە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری ئەو نمونە زەقەیە کە کورد لەبەرچاوێتی.

دەسەڵاتی سیاسیی بەبێ دەسەڵاتی ئابووریی مانا و مەفهومی نییە. ماف بە بێ دەسەڵات و هێز لە جیهانی واقیعدا ناتوانێ وجودی ڕاستەقینەی هەبێ. ئەوەی کە دەڵێن :" الحق یکمن فی القوه" جێگەی گومان نییە.

بۆ ئەوە گیروگرفتی گەلی ئێمە لە دوارۆژدا لەگەڵ هاو پەیمان ونەیارانی کەمتر بێ و ڕێگای یەکگرتنەوەی کوردستان بەربەست نەکرێ، نوێنەرانی کورد لە دارشتنەوەی ئەو بەندەدا دەبێ بە ڕاشکاوی هەبوونی دەوڵتی کۆنفێدراڵی کورد و دانەبراویی لە نەتەوەی کوردو ناودێر کردنی باشور بە دەوڵتی فێدراڵی باشوری کوردستان لە جیاتی وشەی هەرێم پیداگرن و لەقانوونی بنەڕەتیدا ئەو مافە بە ڕاشکاوی بنوسرێ.

ئەو بەندە ئەگەر بەو شێوەیەی ئێستای بمێنێتەوە ناتەواوە و لە دوا ڕۆژدا گیروگرفت پێک دێنێ. نووسینی ئەو بەندە بەو شێوەیە، کورد لەمافی چارەنوس سازی خۆی و تەریک کەوتنەوە لە پێوەندیی ڕاستەو خۆ لەگەڵ دەوڵەتەکانی جیهان بێبەش دەکا. کورد ناتوانێ بۆ هەمیشە وەزارەتی دەرەوەی عێراقی بەدەستەوە بێ. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوە کە لەو هەلومەرجەدا حیزبەکەی ئەلجەعفەری دەسەڵاتێکی نییە و تەنانەت ناتوانێ بەبێ کورد و هاوپەیمانانی یەک ڕۆژ بمێنێ ، لەگەڵ ئەوەش بە دزییەوە لەگەڵ دوژمنانی کورد خەریکی بەند و بەستە و دەیانەوێ کورد لە مافی سروشتی و لەسامانی وڵاتەکەی و لە دیاریکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بێبەش بکا. چوونی ئەڵجەعفەری بۆ تورکییە و باسکردنی مەسەلەی کەرکوک لەگەڵ ترکان و وتەکانی کوری حەکیم لەسەر بێ بایەخبوونی ماددەی 58 ی قانوونی کاتی بۆ ئیدارەی دەوڵەتی عیراق کە بە ڕاشکاوی ئەو هەڵوێستەی ڕاگەیاندووە، نیشان دەدەن کە کورد لە دوا ڕۆژدا کە عێراق سەقامگرتوو بێ و بەدر و ئاخوندەکانی ئێران هەست بە هێز و دەسەلات بکەن هەوڵ دەدەن هەموو دەسکەوتە سیاسییەکانی کورد لە نێو بەرن.

گەلی ئیمە لە باشور هەر وەکو لە پەنا هەلبژاردنەکەدا دەنگی بۆ سەربەخۆیی دا و خوازیاری جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی بوو، نابێ ئەو مافەی لێ زەوت بکرێ کە بۆ جیابوونەوە لە بەشی عەرەبنشینی عێراق و یەکگرتنەوە لەگەل بەشە دابراوەکانی کوردستان بریاردەر بێ. سەرۆکایەتی سیاسیی کورد لە باشور بۆ ئەو خاڵە سەرەکییە کە چارەنووسی 40 ملیون کورد دیاری دەکا بێگومان ڕێگە نادا ویستی گەلی ئێمە نکولی لێبکری. بۆ ئەوەی ئەنفال دووپات نەکرێتەوە، بۆ ئەوەی بە ملیون کورد تووشی کۆرەو نەبێ ، بێ سەرو شوێن نەکرێ، بۆ ئەوە سەتان هەزار کەس بە دەستی ئەرمەنی و ڕوس، بۆ تۆڵەئەستاندنەوە لە ترکان لە ساڵەکانی 1915–1916 تونا نەکرێنەوە فەتوای جەهاد، ئەنفال و توناکردنی بە کۆمەڵی بۆ نەدرێ، ڕێبەرانی بە فێڵ و تەلەکە نەکوژرێن و

لەبەندیخانەدا نەڕزێن و سیستمی داگیرکەر لەو بەشە ئازادەی کوردستان دانەمەزرێتەوە، ئەو بەندە دەبێ بە دیاریکردنی مافی چارەنووسی کورد ئاڵوگۆری تێدا بکرێ. پێویستە ڕێککەوتنی خەڵکی جنوبی سودان لەگەڵ دەولەتی ناوەندیی سودان کە بە ئاگاداریی جامیعەی عەرەب و دەوڵەتەمەزنەکانی جیهان بەستراوە وەبەر چاو بگیرێ،یان لە چارەسەرکردنی مەسەلەی فلستین و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بروانن کە دوو فاکتۆری بەهیزن بۆ کورد. کوردیش بۆی هەیە کە لێبراوانە لەسەر مافی خۆی بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی پێداگرێ. ناوبردنی جیهاد وئەنفال و کۆمەڵکوژیی و بێسەروشوێنکردن و کەمالیزمی ترک (ڕەگەز پەرستیی) و شوێنیزمی بەعس و جیهاد لە قانوونی ئەساسییدا بە مەبەستی ناسین و دانپیدانان و مەحکووم کردنی ئەو مێژووە پیویستە.
سەرۆکایەتی کورد بۆ پاڵپشتی داخوازەکانی کورد لە باشور یەک ئامرازی بەهێزی هەیە و ئەویش نووسینی ئەو بەندەیە لە قانوونی ئەساسیدا کە کورد لە باشوری کوردستان بەشیکە لە نەتەوەی کورد. هەر بەوجۆرەی کە عەرەبەکان لە قانونەکەدا هێناویانە. ڕاگەیاندنی یەکێتی نەتەوەیی کورد بۆ یەکگرتوویی و هاوخەباتی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بۆ ئازادیی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد، بە پێکهێنانی کۆنفەرانسێکی نێو دەوڵەتی ، هەر وەکو لە سودان بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی باشور لە لایەن ئەمریکا ، بریتانیا، جامیعەی عەرەب، وڵاتانی ئەفریقایی، پێک هات بنەمایەکی قانوونی نێودەوڵەتی هەیە. نووسینی ئەو مافە لە قانوونی ئەساسیی عێراقی فێدرال دا گەورەترەین دەسکەوتی سیاسیی دەبێ کە کورد بە پشتیوانی ئەو بەندە بناخەی دەوڵەتی نەتەوەیی پێدادەرێژێ.
دەبێ بگوترێ کە " قانوونی کاتی" نە لەلایەن گەلی کورد و عەرەبەوە دەنگی بۆ دراوە و نە لە لایەن سەرۆکایەتی سیاسی کوردو عەرەبەوە ئامادە کراوە و نە تەشریفات و شێوەیەکی ئاسایی بۆ پەسندکردنی تێدا وەبەرچاو گیراوە. ئەم دەستورە نەهەر کۆنەبرینی کۆیلەتی و مەرگی بە کۆمەڵی گەل سارێژ ناکا بەڵکو ئەگەر ئاڵوگۆری تێدا نەکرێ لەدوا ڕۆژدا خۆی دەبێتە هاندەری شوینیستەکان بۆ درێژەدان بە سیاسەتی لەمێژینەی تواندنەوەی کورد.
تەنیا هێزی 40 ملیۆن کورد دەتوانێ ئەم وەزعە نەدیارە بە سودی کورد و بە زیانی دوژمنانی کورد لە ناوچەکەدا بگۆرێ. لێک گرێدانی خەباتی هەموو کورد پێویستیی بە ئیبتیکار و دڵسۆزیی و لەخۆبوردوویی هەیە. بێگومان سەرۆکایەتی کورد لەباشور دەتوانێ ئەو دەورە مێژووییە بگێڕێ.
لە پێوەندیی لەگەڵ ماددەی چواردا پێویستە بە وردی ئەم بەندە تاووتوێ بکرێ کە دەڵێ: نیزام و سیستمی حکومەتیی عێراق، کۆماریی،فدرالیستی، دێموکراتی و فرە لایەنی دەبێ. دەسەڵات لە نێوان حکومەتی فێدرال و دەوڵەتە ناوچەییەکان، پارێزگاکان و شار و ئیدارەناوچەییەکان دابەش دەکرێ. ئەو نیزامە دەبێ لەسەر بنەمای ڕاستەقانییەکانی جوغرافیایی، مێژویی و جیایی نیوان دەسەلاتەکاندا دابمەزرێ، نە لەسەر بنەمای ڕەگەز یا ئایین، یا قەومییەت.
واقعییەتە مێژووییە جوغرافیاییەکان کامانەن و ئاماژە بە کام مێژووی دوور یا نزیکە، نەدیارە. داڕێژەرانی قانوونی ئەساسی دەبێ بە وردیی ئەو بەندە دارێژنەوە. نوینەرانی کورد لەدارشتنەوەی ئەو بەندە و شیکردنەوە و چەشنی دابەشکردنی دەسەڵات لەسەر ئەو بنەمایە کە دادێ گەلی کورد دیاری دەکا دەبێ سوور بن. ئەم بەندە گرنگترین بەندی ئەم قانوونەیە. با لەسەر برگەکانی بدوێین:
سیستەم و نیزامی حکومەتیی عێراق، کۆماریی ، فێدراڵی دێموکراتی و فرەلایەنییە.
نووسەرانی قانونی کاتی عێراق ئەمریکاییەکان بوون و سیستمی حکومەتی ئەمریکاش فیدڕاڵییە، بەڵام ئەو فێدرالیسمە ڕەچاوکراوەی ئەمریکا کە لە سەرەتادا 13 ئەیالەتی سەربەخۆ بووە و لە پرۆسەیەکی دورودرێژدا پاش ئازادبوون لە بندەستیی بریتانیا پێک هات و دواتر ئەیالەتەکانی دیکە بەو دەوڵەتگەلە فێدرالەوە لکان.

ئەمریکا و قانوونە ئەساسییەکەی و شکلی حکومەتییەکەی بووەتە نمونە بۆ قانون و شکلی حکومەتی وگەلانی عێراق. دیارە کۆمەڵگای ئەمریکا لە زۆر رووەوە لەگەڵ کۆمەڵگای رۆژهەڵات جیاوازە. وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا.وڵاتی کۆچەرانە. ولاتی گروپ و دەستە و تاخمی جۆراوجۆری تێکەڵە. کۆمەڵێک کە خۆی بەناوی نەتەوەیەکی غەیرە ئەمریکییەوە ناودێر بکا وجوودی نییە. دانیشتوانی ئەم وڵاتە لە 200 ساڵ لەمەو بەرەوە لەسەرانسەری جیهانەوە بەرەو ئەو وڵاتە چوون. لەراستیدا کۆمەڵگای ئەمریکا خاوەنی تایبەتمەندییەکە کە نموونەکەی یا نییە یان دەگمەنە. دانیشتوانی ئەیالەتە جیاجیاکانی ئەو وڵاتە نەتەوەی جیاجیا بەو شکڵەی کە لەوڵاتانی دیکە هەیە نین. ئەوان وەکو نەتەوە نە خاوەنی کولتوور ، فەرهەنگ و ئابووریی تایبەت بە خۆن و نە مێژوو نیشتمانی تایبەت بە خۆیان هەیە و نە بە دەلیلی جیاوازیی میللی ، ئایینی، رەگەزییەوە لە مافی یەکسان بێبەریی دەکرێن. سروشتییە کە بۆ باشتر ناسینی خوارەکەو پێچەکەی قانوونی کاتیی عێراق سیستمی فێدراڵی ئەمریکا بە باشی بناسین و لەو بوارانەدا کە جێگەی پەڕینەوە لێڵە یان بوار نادا لە پردەبازی سیستەمی فێدراڵی غەیرە ئەمریکییەکان بۆ دامەزراندنی سیستمێک کە ویستی گەلی ئێمە وەکوو نەتەوەیەک دەستەبەر بکا کەڵک وەرگرین. وەکو سەرنجدان بە قانوونی ئەساسی سودان ، کانادا، ئوستراڵیا و سویس. پیویستە لە قانوونی ئەساسی یان دەستوردا بنووسرێ کە کۆماری دێموکراتیک و فێدرال و فرەلایەنی عێراق لە دوو نەتەوەی کورد و عەرەب پێکهاتووە. ئەو دوو گەلە سەر بەدوو نەتەوەی جیاوازن و خوازیارانە لەسەر بنەمای یەکسانی مافی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئەو حکومەتە فێدرالییەیان پێکهێناوە و مافی هەر دوو نەتەوەی کورد و عەرەب و مافی کەمایەتییەکانی دیکە دەستەبەر دەکا.

مادەی سێی قانونی بنەڕەتیی 1990 مەوجودییەتی دوونەتەوەی کورد و عەرەبی ناسیوە. کورد نەتەوەیەکی دابەشکراو و خاوەنی وڵاتێکی سنووردار و مێژوویەکی تایبەت بە خۆیەتی. پێکەوە لکانی بە واحدێکی سیاسیی دیکەوە بە ویست و ئیرادەی داگیرکەر بووە و سیستمی حکوومەتی داگیرکەران وەڵامی ویست و داخوازەکانی کوردی نەداوەتەوە. لەگەڵ هەموو ئەوانە هوویەتی نەتەوەیی جیاوازی کورد بووەتە هۆی تواندنەوەی.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەوە کە شەرعی بوونی حاکمییەت و دەوڵەتی قانوون تەنیا لە هەبوونی گەلەوە سەرچاوە دەگرێ، گەل خاوەنی هەموو مافێکە.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەوە کە ئیرادەی ئازادی کورد و عەرەب لە عێراقدا دامەزرێنەرانی وڵاتی عێراقن کە لە پیکەوەلکانی بەشێک لە نیشتمانی کورد (کوردستان) و بەشێک لە خاکی عەرەب ئەو حکومەت و حاکمییەتە پێک دێنن، ئیرادەی دولایەنەی ئەو دوو گەلە کە سەر بە دوو نەتەوەی جیاوازن بەدیهێنەری ئەو حاکمییەت و ئەو وڵاتە یەکگرتوویەن. لەو رووەوە کە حاکمییەتی نوێ درێژەی دەسەڵاتی نەشەرعی و مەحکوم و تونابووی پێشوو نییە، لە دارشتنەوەی بنەمایەکی نوێ کە قەرەبووی زیانی گەلانی عێراق بە عەرەب و کورد و کەمایەتییەکانی بکاتەوە دەبێ دەوڵەت و حاکمییەتی نوێ نوێنەری سیاسیی دووگەلی کورد و عەرەب بي. دەسەڵاتی سیاسی هاوبەشی یەکسانی کورد و عەرەب لە قانووندا دانی پێدا بنرێ.

قانوونی بنەرەتیی عێراق لەو بەندەدا دەبێ بە راشکاویی رێگە بۆ ویستی کورد و یەکگرتوویی خوازیارانە و تەنانەت مافی جیابوونەوەش لە هەلومەرجێکدا کە بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد هەڵبگرێ بکاتەوە.

وڵاتی سودان و باشوری ئەووڵاتە نموونەیەکی بەرچاوە بۆ کورد. بە پێی پەیماننامەکەی باشوری سودان کە لەگەڵ بەشەکەی دیکە لەسەری پێکهاتون، بریار درا کە قۆناخێکی شەش سالە بەرچاوبگیرێ و دوولایەنی ئەو پەیماننامەیە پێکەوە زەوینەی رێفراندۆمێک ئامادەبکەن بۆ ئەوە گەلی باشوری سودان لەگەڵ ژوورووی سودان بمێنێتەوە یان دەنگ بۆ سەربەخۆیی خۆی بدا . ئەوە تەنیا رێگەچارەی هەمەلایەنەی مەسەلەی کورد لە باشوری کوردستانە کە رێگەی یەکگرتنەوەی کوردستان و گەیشتن بە مافی چارەنووسی گەلی ئێمە کراوە رادەگرێ.

**لەپێوەندیی لەگەل ستروکتور( بینا و بنیات و شکڵی )حکومەتی سودان لە بەشی سێهەمی پەیماننامەکەدا هاتووە:**
**ئەنجامی کارتێکەریی پەیماننامەکە لە بەشی یەک ئەوەیە کە هەردوو لایەن لە چوارچێوەی سودانی یەکگرتوودا کە مافی چارەنووس بۆ خەڵکی باشوری سودان بە رەسمی دەناسێ، دەسەڵات و بنیات و سازمان و ئەرکە جۆراوجۆرەکانی حکومەت دابەش دەکەن و چوارچێوەی حاکمییەتی سیاسیی سودان دادەرێژن.**
**لەبەشی دیاریکردنی قانوونە ئەساسییەکەی دا دەگوترێ کە قانوونی باڵا قانوونی بنچینەییە. هەموو قانوونەکان دەبێ لە سەرچاوەی قانوونی بنەمایی پاراو بن. ئەم بنیاتە دەبێ پێوەندییەکان و دابەشبوونی دەسەڵات، ئەرکەکانی نێوان پلە جۆراوجۆرەکانی حکومەت، هەر وەها دابەشکردنی دارایی و سامان لە نێوانیاندا رێک و پێک بکا. قانوونی ئەساسی دەبێ ئازادیی بیروباوەر ، عیبادەت، کاروباری ئایینی بۆ هەموو شاروەندانی سودانی دەستەبەر بکا. هەروەها لە کۆتایی 6ساڵەی قانوونی کاتیدا رێفراندۆمێک لەژێرچاوەدێریی نێونەتەوەیی کە لەلایەن دەوڵەتی سودان و بزوتنەوەی رزگاریدەری باشوری سودان بۆ ئەوە دەنگ بۆ قبوڵی حکومەتی دامەزراو لەژێر پەیمانی ئاشتیدا بدەن یان دەنگ بۆ جیابوونەوە بدەن رێک بخرێ.**
**جێگریی سەرۆک کۆمار، سیوچوار لەسەتی دەسەڵاتی سیاسیی،پەنجا لەسەتی داهاتی نەفت،قانوونی ئەساسی سەربەخۆ، پارلمانی ناوچەیی سپای جیاواز،بەرهەمی رێککەوتننامەی بزووتنەوەی رزگاریدەری جنووبی سودان لەگەل حکومەتی ناوەندییە. لە نۆی ژانوییەی 2005 بە پێی پەیماننامەیەک کە لەنێوان حکوومەتی ناوەندیی سودان و بزووتنەوەی رزگاریدەری سودان بەسترا، سیستەمی حکوومەتیی کۆنفێدرال بە شێوەی فەرمیی قبووڵ کرا.**
**سەرنجراکێش ئەوەیە کە لەکاتی واژۆکردنی ئەو پەیماننامەیەدا وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و بیست کەس لە رێبەرانی ئەفریقایی لە وەرزشگەی نایرۆبی پێتەختی کێنیا کە هەزاران کەسی لێبوو بەشدار بوون.. ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، یەکێتیی ئوروپا، سازمانی یەکگرتووی ئەفریقا ، یەکەتیی عەرەب و رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاگربەسیان لە نێوان ئەو دوولایەنەدا دەستەبەر کرد و ئەو پەیمانەیان بەرەسمی ناسی.**
**پەنجا ساڵ لە مەوبەر بریتانیا سەربەخۆیی بە سودان دا و و حکومەتی ناوەندیی بە موسوڵمانان ئەسپارد. ئەم حکوومەتە لە چەشنی ئەو دەوڵەت- نەتەوانە بوو کە لەوڵاتێکی فرە نەتەوەیی دامەزرابوو و بێ لەبەرچاوگرتنی زبان و دین و رەگەزی خەلک موسوڵمانەکان حوکمیان بەسەردا دەکردن.**
**شەری نێوخۆیی کە ماوەی بیست و یەکساڵ درێژەی کێشا دوو ملیۆن کوژراو و چوارملیۆن ئاوارەی لەخۆی بەجێهێشت و لە نۆی ژانوییە بە فەرمیی کۆتایی پێهات.**
**سودان 2509000 کیلۆمێتری چوارگۆشەیە و سیوسێ ملیون نفووسی هەیە . نفوسی باشور دەگاتە 8 ملیۆن نەفەر. وتووێژی نێوان دوولایەن دووساڵ و نیوی خایاند و سودان قبووڵی کرد کە سی و چوار لەسەدی دەسەڵات بدا بە سێزدە لە سەتی خەلکی باشور . لایەنگرانی مەسیحی خەلکی جنووبی سودان لە ئەمریکا خوازیاری جیا بوونەوە و لێدانی سکەو پارەبوون بەڵام ئەمریکا قەناعەتی پێهێنان کە پارەکەیان هەر دیناری سودانی بێ و پاش شەش ساڵ خەڵک لە رێفراندۆمێکدا بریار بدەن و چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن.**
**ئەو بزووتنەوەیە سەربەخۆیی ناوچەی باشووری بۆ دەستەبەر کراوە، پەنجا لەسەتی نەفتی وڵاتەکەی بۆ تەرخان و دەسەڵاتی سەرتاسەریشی بۆ دەستەبەر کراوە. لە دووساڵ و چەند مانگی دیکەدا سەتهەزار سەرباز کە لە باشووردان بەرەبەرە دەردەکەون. ئەرتەشی رزگارییدەری باشور کە دەبێتە سپایەکی رێک و پێک جێگەی ئەوان دەگرێتەوە و بوودجەکەی لەلایەن دەوڵەتی جنووبی سودان دابین دەکرێ. هاوکات هێزێکی چلهەزارکەسی هاوبەش لەلایەن باشور و ئەرتەشی سودانەوە بۆ پاراستنی سنوورەکان پێک دی کە بوودجەکەی لەلایەن دەوڵەتی سودانەوە دابین دەکرێ.**
**وەکو دەبینین ئەوەی لەمەر باشوری سودان کراوە لایەنێکی هەموو وڵاتانی عەرەبییە و حکوومەتی ئێستای سودانیش یەکێ لەدرندەترین حکوومەتەکانی ئیدئۆلۆژیکی جیهانە. بەو حاڵەوە حازر بە قبووڵی ئەو رێگەچارەیە بوون. وڵاتانی**

ئەفریقاییش لە پێکهێنانی ئەو پەیماننامەیەدا بەشدارن. ئەم پەیماننامەیە نە دژی مافی گەلانی دیکەیە و نە داگیرکردنی وڵاتی نەتەوەیەکی دیکە. بە پێچەوانە یارمەتیکردنە بە ئاشتی و پێکەوە ژیانی هێمنانە لەسەر بنەمایەکی قانوونیی و مرۆڤانەی ئەم سەردەمە.
یەکگرتنەوەی کوردستانیش بە مانای رەتکردنەوەی دابراوییە. ئەگەر ئاڵمانی شەرهەڵاییسێن لە دوو شەری جیهانیداکە بە ملیۆنان مرۆڤی قرکرد، بۆیهەبوو یەک بگرێتەوە، بەڵام کورد کە هەرگیز قانوونی مرۆڤایەتیی پێشێل نەکردووە و بە کۆیلەتی ژیاوە بۆچی بۆی نەبێ یەک بگرێتەوە و خاکی لە داگیرکەران پاکبکاتەوە؟
کوردستان وڵاتێکی داگیرکراوە. کورد مافی خۆیەتی داگیرگەر لە خاکی خۆی راونێ. ئەگەر پەیمانی لۆزان بۆ ترک یەکگرتنەوە و ساغکردنەوەی جەندەکی عوسمانی بوو، بۆ کورد بە مانای لەتکردن و دابەشینە و کارێکە کە بەدژی یاسای نێودەوڵەتی کراوە. پێناسەی جیاوازیخوازیی بۆ کورد کە دوژمنانی کورد بۆی بەتاوان دادەنێن و حوکمی مەرگی کوردی پێدەدەن بنەمای قانوونی حقوقی نییە. کوردستان نیشتمانی تورک و فارس و عەرەب و ئەرمەن نییە کە کورد لەت و کوتی بکا و دایبڕێ. بەڵکۆ کورد بە پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی داگیرکاریی نە قانوونی و ناعادڵانە و لەت و کوتکراویی وڵاتێکی مێژوویی راست دەکاتەوە و دیفاع لە یەکێتی خاکی خۆی دەکا. کورد رزگاریی خاکی خۆی دەوێ کە داگیرکراوە. جوداخوازەکان و لەت و کوتکەرەکانی کوردستان ئەو دەوڵەت و دەوڵەتۆکانەن کە کوردستانیان دابەشکردووە. ئینگلیز، فەرەنسە، کەماڵیستەخوێنرێژەکان، عەرەب و فارسەکانن. کوردستان وڵاتێکی کۆلۆنی نێو دەوڵەتییە. سەیر ئەوەیە هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست کوردستانیان داگیرکردووە، خوازیاری سەر بەخۆیی خەڵکی فلستینن و بەماڵیاتی خەڵکی کورد و سامانی کورد چەک و چۆڵی تێرۆریستەکانی حەماس و حیزبوللە و ئەلقاعیدە و ئەنساری ئیسلام دەکرن و باندە تێرۆرەکانی ورد و درشتی تێرۆر وەرێدەخەن، ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتەی بێتاوانی ئیسرائیلی و غەیرە ئیسرائیلی لە ئیسرائیل و کورد لە کوردستان بە بۆمبا دەکوژن یان سەریان دەبرن. یەکگرتنەوەی کوردستان بەمانای راستکردنەوەی ستەمێکی گەورەی مێژووییە، بە مانای یەکگرتنەوەی وڵاتێکی لەتکراوە، بەمانای پێکهێنانی زەمینەی ئاشتی و هاوژینی دۆستانەی گەلانە. کورد بەیەکگرتنەوەی خۆی و گەرانەوەی بۆ سەر خاکی باو باپیرانی خۆی و دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتوی نەتەوەیی خۆی هێمنایەتی جیهانی پەرەپێدەدا و دەتوانێ یارمەتیدەری وڵاتانی جیران و دەورو بەری کوردستانیش بێ.
مەسەلەی کورد لەهەر بارەوە کە بخرێتە بەرچاو لە مەسەلەی خەلکی جنوبی سودان کە رێگەچارەیەکی نێو دەڵەتی بۆ دیاری کراوە پڕرەنگترە. چونکە هەبوونی کوردستان وەکوو وڵاتێکی سەربەخۆی مێژوویی بە کیانی نەتەوەیییەوە ئاشکرایە و بە پێی قەراردادی زاڵمانەی نێودەوڵەتی بێ رەزامەندیی کورد لە نێوان ترک و عەجەم و عەرەب و ئەرمەندا بەش کراوە. پەیمانی لۆزان کە کۆلۆنیالیستەکان کوردستانیان پێ دابەش کرد خوویایە. سەرەرای هەموو ئەوانە وەزعی ئێستای کورد لە باشور بە تەواوی نوێیە. چونکە بەداگیرکردنی عێراق لە لایەن هاوپەیمانانەوە دەوڵەتێک بە ناوی عێراق و حاکمییەتێک بە ناوی عێراق وجوودی نەما کە کورد بەشێک لەو وڵاتە بێ. ئەو وڵاتەی ئیستا حکوومەتێکی نوێ و نیزامێکی نوێی دەبێ. ئەو حکوومەتەش لەسەر بنەمایەکی خوازیارانەی دوو نەتەوەی سەرەکی کورد و عەرەب دەبێ.
دەکرا سودان ئیددیعا بکا کە تواوییەتی وڵاتەکەی بەپێی ئەو پەیماننامەیە کە نوینەری کۆمەڵگای عەرب و ولاتانی ئوروپی و ئەفریقایی بەرێوەبردنی ئەو پەیمانەیان دەستەبەرکردووە لەناو چووە بەڵام ئەوە بۆ باشوری کوردستان و بۆ کورد ناتوانێ لە ئارادابێ چونکە بەداگیرکردنی عێراق و بەرەسمی ناسینی ئەو وەزعە سیاسییە نوێیە لە لایەن نەتەوەیە کگرتووەکانە، هەموو بنەمایەکی قانوونی پێشوو هەڵوەشاوەتەوە. حکوومەتێک کە پێک دێ نە درێژەدەری حاکمییەتی پێشووە نە بەستراوە بە ئیلزاماتی قانوونی بۆ قبوڵی وەزعی نالەباری پێشوو کە بنیاتنەری ئەو رژیمە خوێنرێژە و خوێنرێژەکانی پێشتر بووە. لە حکوومەتێکی نوێدا کورد دەوری سەرەکی دەبێ ببێ. چونکە بەدرێژایی

هەبوونی ئەو وڵاتە کورد چەوساوەتەوەو خەباتی کردووە و لە پێناوی ئازادکردنی هەموو ئەوانەی لەو نیشتمانەدا بوون قوربانی داوە. کورد دەبێ و رەوایە کە ئەزموونی خەڵکی باشووری سودان کە باشترین نموونەی رێگە چارەی مەسەلەی کورد و عەرەبە پەیرەو بکا. ئەو سیستمە پەسندکراوی کۆمەڵگای پێشکەوتووی بەشەریی، نەتەوە یەکگرتووەکان ، وڵاتانی ئەفریقایی و عەرەب و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و بریتانیایە.
رەوتی دێموکراتیزاسیۆن لە جیهاندا و ئازادبوونی گەلانی بندەستی دیکە وەکو تیمۆر و و ئێریترە و وڵاتانی ئازادبووی ژێردەستی روسیا و چارەسەرکردنی  مەسەلەی فلستین پاڵپشتی ئەو داوا رەوایەی کوردن بۆ یەکگرتوویی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد. هەر وەها قانوونە نێودەڵەتییە کانیش پاڵپشتی داوا رەواکەی کوردن.
پێویستە ماددەی 4 لە قانوونی ئیدارەی دەوڵەت بۆ قۆناخی راگواستن ئەو گۆرینەی تێدا بکرێ کە عێراق وڵاتی دوو نەتەوەی کورد و عەرەبە، کە هەردوو سەر بە دوونەتەوەی جیاوازن و هەردوو مافی خۆیانە کە ئەو یەکگرتوویە ئیرادییە بپارێزن یان بە شێوەیەکی دڵخوازانە هەڵیوەشێننەوە  و رێگەیەکی دیکە بۆ خۆیان هەڵبژێرن. پێویستە ئەو دەرفەتە بدرێ بە گەلی ئێمە کە بتوانی لەگەڵ بەشە داگیرکراوەکانی دیکەی کوردستان یەک بگرێ.
 با ئەوەش بگوترێ کە سیستمی  فێدراڵیی  بۆ کوردستان بەو شێوەیەی کە تا ئیستا باسی کراوە ناتوانێ چارەسەری هەموو مەسەلەی کورد بکا. ئەو شێوەیەی کە سودانییەکان و بزووتنەوەی باشوور لەسەری رێککەوتوون شێوەیەکی باشە و ئەوەی کە سەرۆکایەتی کوردیش پێی لەسەردادەگرێ لەو رێککەوتنە دەچێ کە لە سودان لە نێوان ئەو دوولایەنەوە مۆرکراوە. ئەگەر ماوە هەبێ لەدادیدا  دەقی قانوونە کە بەکوردی وەردەگێرم  و دەیخەمەبەر دەستی ئۆگرانی ئازادیی گەلەکەمان.
دامەزراندنی سیستمی فێدراڵ لە وڵاتێکی کە وەکو کوردستان دابەشکراوە بێ دیاریکردنی ئەو کەلێنە کە کە دەوڵەتی فێدراڵ مافی رێفراندۆم و یەکگرتنەوەی لەگەڵ بەشە داگیرکراوەکانی دیکە هەیە لەدوارۆژدا گیروگرفتی زۆری  بەدوادوە دەبێ. سەقامگر توویی دادێی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەی کە وەزعی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییان بەرەو تونابوونە، هەروەهابوونی هێزێکی مەزن وەکوو ئەمریکا لەناوچە  و بەرنامەی بەرینی ئەمریکاییەکان بۆ پەرەپێدانی دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤ هەلوومەرجێکی مێژوویی دەگمەنە و کورد بە هەر  قیمەتێک  دەبێ بیقۆزێتەوە. ئاڵمانی دوژمنی کورد و دۆستی ستراتێژیکی تورک، فەرەنسەو ئینگلیز ی دابەشکەری کوردستان بە پێی پەیماننامەی لۆزان لە شانۆی سیاسیی جیهاندا دەوریان کەمە.
 پاش 11 سێپتامبەر  و تێکشکانی لوولاکی رژیمی بەعس و لەکارکەوتوویی مێشک و ئەندامی کرم تێکەوتوو و داوەشاوی بەعس لە عێراق و خوێندنەوەی سیاسی نوێ و گۆڕانی ئەسڵی  نەگبەتی حاکمییەتی رەهای دەوڵەتی و زەق بوونەوەوەی مافی مرۆڤ، ئەسڵی قبووڵی دەنگی نەتەوەکان ( فلستین، تیمۆر، ئێریترە، باشوری سودان، سەربەخۆیی وڵاتانی یوگوسلاوی پێشوو، کۆیلەکراوەکانی سۆڤییەتیی) هەموو ئەو فاکتانەن کە کورد دەبێ کەڵکیان لێوەربگرێت بۆ ئەوە رێگا بۆ یەکگرتنەوە و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی  خۆی بکاتەوە.
گرنگترین بەندی قانوونی ئەساسی یان دەستوری نوێی عیراقی فێدراڵ
 دە بێ  ئەوەبێ کە هەموو پەیمانێکی دووقۆڵی و چەند قۆڵی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر بۆ بەزاندنی سنور و تێکێشانی ئەرتەش و دەستتێوەردان لە کاروباری عێراق و بە پێچەوانەش بەتاڵ بکرێنەوە. هەروەها هەر گۆنە هاوپەیمانەتی نیزامی و سیاسی ئاشکراو نهێنی بەدژی کورد لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە کوردی لێیە بە نەقانوونی دابندرێ و هەموو پەیمانەسیاسییەنیزامییەکانی پێشوو و ئیلزاماتەکانیان بەتاڵ (لغو) هەڵوەشاوە رابگەیەندرێ.

Article 5 [Iraqi Armed Forces]
The Iraqi Armed Forces shall be subject to the civilian control of the Iraqi Transitional, in accordance with the contents of Chapters three and five of this Law

## ماددەی پێنج[ ئەرتەشی عێراق به پێی ئەوەی کە لە بەشەکانی سێ و پێنجی ئەم قانوونەدا هاتوون لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی ئینیقالیی عێراقدا دەبێ]

دارشتنی ماددەیەکی تایبەت بە پێشمەرگە و بوونی وەکو ئەرتەشی رزگاریدەری کورد و بەشێک لە هێزی بەرگریی کوردستان هەر بەو شێوەیەی کە سەرۆکایەتی سیاسیی کورد تەئکید لەسەر مانەوەی پێشمەرگە دەکا، پرنسیپە و موعامەلەی لەسەر ناکرێ. پێشمەرگە بەر لە دامەزراندنی حکومەتی عێراق هەر بوووە. لەدامەزرانی کۆماری کوردستانەوە و بەر لەو سەردەمەش لە سەدەی نۆزدە بەدواوە بۆ ئازادیی کوردستان خەباتی کردووە. ئەوە هێزی میلیشیای دروستکراوی وەکو بەدر نییە کە لە دەرەوەی وڵات و لەلایەن دەوڵەتی ئێران و بۆ بەرژەوەندیی و مەبەستی سیاسیی دروست کرابێ. پێشمەرگە نەهەر هێزی رزگاریدەری کوردە بەڵکو هێزی رزگاریدەری هەموو نەتەوە و کەمایەتییەکانی عێراقیشە. بەقبووڵ کردنی دەوڵەتی فێدراڵ و بە رەسمی ناسینی ئەو بەندە کە دوونەتەوەی کورد و عەرەب خوازیارانە کۆماری فێدراڵی عێراق پێک دێنن و مافی سیاسی وەکو یەکیان هەیە، جوغرافیایەکی سیاسی دیاریکراو و دەسەڵاتێکی سیاسی جیاواز بەڵام یەکگرتوویان کوردیش ئەو مافەی هەیە کە بۆ پاراستنی خۆی و ئازادییەکانی ئەرتەشی خۆی هەبێ. هەروەکو دەوڵەتە فیدرتیوەکانی باشوری سودان ، کانادا و سویس هەیانە و زیتر لە12ساڵیشە بە رەسمی لەکوردستاندا هەیە. لەبەر ئەوە پێویستە پێشمەرگە وەکو ئەرتەشی رزگاریدەری کورد لەکوردستان بە هووییەتی کوردیی خۆیەوە بناسرێ و لە قانوونی ئەساسیی وڵاتدا نە وەکو بەشێک لە ئەرتەشی عێراق بەڵکو وەکو ئەرتەشی دەوڵەتی فێدراڵی کورد بناسرێ.
سەرۆکایەتی سیاسیی کورد بەختەوەرانە بە دیفاع لە مەوجوودییەتی ئەرتەشی پێشمەرگە و هەڵوێستە مێژووییە پیرۆزەکەی لە بەرابەر هەرەشەی ژێنراڵەکانی ترک بۆ داگیرکردنی کوردستان ئەو خەونەیان پووچەڵ کردەوە کە کورد سەروەریی نەتەوەیی نابێ و دوژمنانی کورد دەتوانن بۆ هەمیشە کوردستان بە داگیرکراوی رابگرن. لەو شەرە نابەرانبەرە دا پرستیژی سەرۆکایەتی سیاسیی کورد و ئامادەیی ئەرتەشی پێشمەرگەو دەریای وەخرۆشهاتووی کورد لەکوردستان و لەسەرانسەری جیهان کە لەپشتی سەرۆکایەتی سیاسی خۆی ئامادەی دیفاع لەمان و مەوجودییەتی سەروەریی خۆی بوو دوژمنی مات کرد. لەبیر نەکەین کە حافزئەسەدی " بطل العرب و العجم" کە پشتیوانیی 20 دەوڵەت و دەوڵەتووکەی عەرەب و ئێرانی لەپشت بوو به هەموو جبەخانەی عەرەب و روسەوە لەبەرامبەر هەرەشەی ترکان بۆ وەدەرنانی پارتی کرێکاران لە سوریا قاوەڵتوونێک خۆی نەگرت، چۆکی دادا و سەری شۆرکرد. ئەو هەڵوێستە مێژووییەی سەرکردایەتی کورد، چارەنووسی گەلی کوردی دیاری کرد. هەڵوێستی مێژوویی ئەوتۆ بە هەبوونی ئەرتەشی پێشمەرگەی کورد و بە ئیمان بە گەل و ورەو فیداکاریی و ئەزمون و نیشتمانپەروەریی دەگیرێ. بە بێ هێزی پیشمەرگە و دیفاعی ئەو لە دەسکەوتەکانی گەل، مافێک لەئارادا نابێ. ئەوەی مافی گەلی کورد دەپارێزێ هێزی بەهێزی دوژمن بەزێنی پێشمەرگەیە." الحق یکمن فی القوه" .
لەپێوەندیی بە ئەرتەشی دەوڵەتی فێدراڵی باشوری سودان پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە ئەرتەشی رزگاریدەری باشور بە سەر فەرماندەیی جۆن گەرەنگ باشوری وڵاتەکە دەپاریزی و بیست هەزار نەفەریش لە ئەرتەشی رزگاریدەر کە بوودجەکەی باکور دەیدا سنورەکان دەپارێزێ.

درێژەی هەیە.

## سەرچاوەکان:


1- قانونی ئەساسی کاتیی عێراق( دەقی ئینگلیزی و وەرگێردراوەکانی بە عەرەبی و کوردی)

2- قانونی ئەساسی ئەمریکا بە زمانی ئینگلیزی

3- ئیعلامییەی 26 ی ئوتی1789فەرانسە و پێشەکییەکەی بە زمانی فەرەنسی

4- ڕێککەوتننامەی نێوان دەوڵەتی سودان و بزوتنەوەی باشوری سودان بە زمانی ئینگلیزی

5- قانونی ئەساسی ئێریترە. بە زمانی ئینگلیزی.

6- قانونی ئەساسی عێراق 1958 وەرگێردراو بە ئینگلیزی

7- قانونی ئەساسی ئاڵمان بە زمانی ئاڵمانی

8- قانونی ئەساسی ئێران. نوسینی دوکتۆر جعفر بوشهری بە زمانی فارسی

9- بەیاننامەی مافی مرۆڤ وەرگێردراو بە فارسی

10- کتێبی ئایافێدراڵیەت وەک (خیار)ێکی سیاسی لە عێراق پیادەدەکرێت؟ نووسینی جوهرنامق سالم

11- بیری نەتەوەیی کوردی، نووسینی جماڵ نەبەز

12- ئەنسکلوپێدیای ستاندفۆرد فەلسەفە ، پێناسەی فێدرالیسم بە زمانی ئینگلیزی

13- بۆ کوردستان ، هەژار

14- دووچاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسی( چاپەمەنی وڵات) لەگەڵ د. سمایل بێشکچی ، مهاباد کوردی لە عەرەبییەوە کردوویە بە کوردی.

15- دیمانەی سەرۆک بارزانی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان لە تورکیاو هەڵوێستەکانی لەسەر کوردستانی فێدراتیو و بناخەی ئیراەی ئازادی خەلک و مافی دیاریکردنی چارەنووس. لە ڕۆژنامە وسایتە کوردییەکان : ڕۆژنامەی خەبات، سایتی کەرکوک کوردستانە.

16- فێدرالیزم ، نوسینی پرۆفیسۆر دانییل ئێلازار بە زمانی ئینگلیزی


### Article 9 [Official Languages

The Arabic language and the Kurdish language are the two official languages of Iraq. The right of Iraqis to educate their children in their mother tongue, such as Turcoman, Syriac, or Armenian, in government educational institutions in accordance with educational guidelines, or in any other language in private educational institutions, shall be guaranteed. The scope of the term "official language" and the means of applying the provisions of this Article shall be defined by law and shall include:

(1) Publication of the official gazette, in the two languages;

(2) Speech and expression in official settings, such as the National Assembly, the Council of Ministers, courts, and official conferences, in either of the two languages;

(3) Recognition and publication of official documents and correspondence in the two languages;

(4) Opening schools that teach in the two languages, in accordance with educational guidelines;

(5) Use of both languages in any other settings enjoined by the principle of

equality (such as bank notes, passports, and stamps);
(6) Use of both languages in the federal institutions and agencies in the Kurdistan region.

## ماددەی 9 [ زمانەرەسمییەکان]

کوردیی و عەرەبیی، دوو زمانی رەسمیی عێراقن. مافی عێراقییەکان بۆ فێرکردنی منالەکانیان بە زمانی زگماکی وەکو تورکمانی و سوریانی و ئەرمەنی لە داموودەزگا فێرکارییە دەوڵەتییەکاندا بە پێی هێڵەدیاریکراوەکانی فێرکاریی یان هەر زمانێکی دیکە لە بنیاتە فێرکارییە تایبەتییەکاندا دەبێ دەستەبەربکرێ. چوارچێوەی زاراوەیی " زمانی رەسمیی" و شێوەی جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە بە پێی قانوون دیاری دەکرێ کە بریتین:

(1) بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی رەسمیی بەو دوو زمانە.
(2) وتووێژکردن، ئاخاڤتن و ڕادەربرین لە شوێنە رەسمییەکان وەکو ئەنجومەنی نیشتمانیی و شورای وەزیران و دادگەکان و کونفەرانسە رەسمییەکان بە هەرکام لەو دووزمانە.
(3) نامە و بەڵگەنامەرەسمییەکان بە هەر دوو زمان، بە رەسمیی دەناسرێن؛ دەرکردنیشیان هەر بەو شێوەیە دەبێ.
(4) وەرێخستنی فێرگە بە هەردو زمان بە گوێرەی رێوشوێنی فێرکاریی ئازادە.

(5) کەڵک وەرگرتن لە هەر دوو زمانەکە بۆ هەر تشتی دیکە وەکو پەرە، پاسپۆرت، پێناسە و تەمر(پول) بە پیی بنەمای یەکسانیی بۆ هەموان دەستەبەرکراوە.

(6) دامودەزگاکانی فێدراڵیی و دایرەکان لە کوردستان لە هەر دوو زمان کەڵک وەردەگرن.

"زمانی کوردیی و عەرەبیی دوو زمانی رەسمیی عێراقن."
قبووڵی ئەو ماددەیە لە قانوونی ئەساسییدا بە مانای ناسینی هوییەتی نەتەوەیی کورد و فرەگەلی بوونی عێراقە. ئەو بەندە راستەوخۆ بنەما و بناخەی بەرابەر حقووقیی فەرهەنگیی دوو گەلی کورد و عەرەبی عێراق رادەگەیەنێ. بەڵام بە پێی بەندەکانی یەک تا شەش ئەو مافە یەکسانە بەرتەسک کراوەتەوە.
بەندی یەکی مادەی نۆ تەنیا ئاماژە بە نووسینی رۆژنامەی رەسمیی دەکا. رۆژنامەی رەسمی بۆ چاپی بریارەکانی حکومیی و قانوونییە. بە دەگمەن ئەو رۆژنامەیە دەکەوێتە بەرچاوی خەڵک و تەنیا توێژێکی پچووک کەڵکی لێوەردەگرن. پێویست بوو ئەو بەندە بەو شێوەیە بنووسرێ کە :
هەموو نووسراوە دەوڵەتییەکان کە لە بوودجەی دەوڵەتی خەرجەکەیان دابین دەکرێ بەدوو زمانی کوردیی و عەرەبێ بڵاوبکرێنەوە. سنوردارکردنی ئەماددەیە زۆر گیروگرفتی بەدواوە دەبێ.
دەبوو بۆ وێنە ئەو بەندە، چاپی کتێب بەزمانی کوردیی لە بەشی عەرەبنشیندا بگرێتەوە. هەر وەها پەسندکراوە نێوخۆییەکانی سازمان ئۆرگانە دەوڵەتییەکانیش کە لە رۆژنامەی رەسمییدا چاپ ناکرێن بە هەردوو زمان بنووسرێن. هەروەها دامەزراوە گشتییە کان (دەوڵەتیی و غەیرە دەوڵەتیی) شوێنە گشتییەکان و رێگاوبان، پێناسەی ئامرازی چێکراو، تایبەتمەندییەکانی دەرمان، خۆراک ،

کەرەسە و ئامرازی بەرهەمهێنان دەبێ لەو بەندەدا جێی بۆ بکرێتەوە. خوێندن بە زمانی کوردیی و عەرەبی لە خوێندنگە حکوومییەکاندا کە بە پێی بەندی 6 ی مادەی 9 بۆ کوردستان ئیلزامییە ، دەبێ بۆ عەرەبنشینەکانیش ئیجباریی بێ.

زمانی کوردیی و عەرەبیی کە هەر دوو زمانی رەسمیین بە مانای ئەوەیە کە لە هەموو وڵات ئەو دەستوورە پەیڕەو بکرێ. ئەوە بێعەداڵەتییە کە کات و بوودجەی کورد لە کوردستان بۆ فێربوون و دامەزراندنی دامودەزگای خزمەت بە زمانی عەرەبیی تەرخان بکرێ، بەڵام عەرەبی "هاوپەیمان" لەپێناو گەشەدان بە زمانی کوردیی و حاڵی بوون لە شەریکەکەی و فەرهەنگی کورد مایە دانەنێ و خۆی ماندوو نەکا، یان دانیشتوانی کوردی ناوچەعەرەبنشینەکان لە ئاسانکاریی زمانەکەی خۆیان کەڵک وەرنەگرن.

لەبەندی چواردا کە بریار دەدرێ بەهەردوو زمان قوتابخانە بکرێتەوە مەبەستەکە روون‌نییە. دەبێ خوێندن بە هەردوو زمان لە قوتابخانە دەووڵەتییەکان واتە ئەوانەی کە بە بوودجەی دەوڵەت بەڕێوەدەچن وەکو لە بەندی 6 ی ماددەی 9 دا هاتووە بۆ بەشە عەرەبنشینەکانیش وەکو کوردستان تا خوێندنی باڵا ئیلزامیی و ئیجباریی بێ. ئەگەر مەبەست لەو بەندەش رێگەدان بە تاک بێ کە قوتابخانە و فێرگەی تایبەتی بە پێی پێوانە و مێعیارە فەرهەنگیی و پەروەردەیی و فێرکارییەکان بەیەکێ لەو دوو زمانە رەسمییە بکاتەوە، لەراستیدا نووسینی پێویست نەبوو چونکە ئەوە تەنیا تەئکیدکردنەوەی بنەما گشتییەکەی سەرەتای ماددەی 9 بۆ بەرەسمیی ناسینی دوو زمانی کوردیی و عەرەبییە.

پێویستە لە قانوونی دادیی عێراقدا بەنی 6 ماددەی 9 کە بەکارهێنانی کوردیی و عەرەبیی لە دایرە و دەزگا دەوڵەتییەکان بە بە قانوونیی دەزانی،ئەو حوکمە ئەو بەندە بەشە عەرەبنشینەکان و دامودەزگای ئیداریی دەوڵەتی فیدراڵی ناوەندیش بگرێتەوە. ئەگەر عەرەبەکان نەیانەوێ بە کوردیی بخوێنن، کوردیش دەبێ ئەو مافەی هەبێ کە بە رەزامەندیی هەر دوو لا زمانێکی سێهەم بۆ راگرتنی پێوەندیی دەستنیشان بکرێ. ئەو زمانە دەکرێ ئینگلیزیی، فەرەنسی یان ئاڵمانیی بێ.

پێویستە کۆمیتەیەکی دیاریکراوی هاوبەش لەلایەن دوو پارلمانەوە چاپی تەمر( پوول) ، ئەسکناس و سکەلێدان بە دووزمانی کوردی و عەرەبی سەرپەرشتی بکا و لە سیما ورەمزە مێژووییەکانی کوردستانیی و عێراقی بو چاپ کەڵک وەرگرێ.

مەسەلەیەک کە سەرنجراکێشە ئەوەیە کە زمانی کوردیی بە کام پیت بنووسرێ و رەسمییەتی پێبدرێ؟

گۆرینی ئەلف و بێی عەرەبێی بە لاتین لە باشوری کوردستان دەبێتە نوختە وەرچەرخانێکی گەورە بۆ لێک نزیک‌کردنەوەی زاراوە رەنگاورەنگەکانی زمانی کوردیی و دارشتنی زمانی یەکگرتووی نەتەوەیی.

مەسەلەی گۆڕینی هەنگاو بەهەنگاوی عەرەبیی بە لاتین نابێ بەکەم بگیرێ. تێکنیک و کەرەسەی نوێی وەکو کۆمپیۆتێر و پچووک بوونەوەی جیهان و پێویستیی برینی رێگەی خۆپێگەیاندن و گەیشتن بە جیهانی پێشکەوتوو، ناچارمان دەکا لەو دەرەتانە مێژووییە زیاتر لەگەلانی دیکە کەڵک وەربگرین. هیچ هۆیەک نابێ پێش بە کورد بگرێ کە بۆ یەکگرتوویی خۆی لە هەموو کەرەسەیەک و بە تایبەتی لە خەتی یەکسان کەلک وەربگرێ. گەلانی دیکەش بەر لە کورد ئەو کارەیان کردووە و خێریشیان لێدیوە. ئاتاتورک واتە مستەفا کەماڵ– ئەو شوێنیستەی کە

دەستوری مەرگی زمانی کوردییداو پاش مەرگیشی حکومەتەکەی هەر بەردەوامە_ قەومێکی بەڕبەڕی بێ زمانی دوور لە ژیاریی کە ئەرمەنی قران، کوردقرکردن و توناکردنی نەتەوەکانی خاوەن زمان و مەدەنییەتی نێو پاشایەتیی عوسمانیی کردبووە دروشمی ژیان بە پەرە و بەکرێگرتنی زانایانی زمان لە ئوروپا کردە خاوەن زمان و خەت. ئەمڕۆ ئەدەبیاتی ترک کە شاعیر– چیرۆکنوسی وەکوو یاشارکەماڵی ڕەچەڵەک کورد لە خزمەتیدایە و لەریزی هەرەپێشەوەی نووسەرانی جیهانە، بەم زمانە ساختەیە، بەو پیتە چێکراوە دەنووسێ و زمانی ترکیی بەرەو ریزی زمانانی تێکنیکوەرگر هەلکێشاوە.

گۆڕینی خەتی کوردیی هەر کارسازیی بۆ زمانەکە نییە، بەلکو یەکسانکردنی خەتی کوردیی بۆ یەکگرتویی نەتەویی و کەڵک وەرگرتن لە هەموو تێکنیک و زانستی سەردەمیشە. گرنگیدانی دەوڵەتی فێدراڵی کوردبە زمان و خەت و فەرهەنگی نەتەوەیی و پێشکەوتن و کێشانی کورد بەرەو شاری زانست و فەرهەنگی جیهانیی کارێکی بێسنور مەزنە. وەچەی دوارۆژی کورد بۆ وڵامدانەوە بە پێویستیی لکاندنی روباری بەتەوژمی زمانی نەتەوەیی خۆی بە روبارەکانی زمانەیلی جیهانی و سەرەنجام چوونە نێو دەریای زانستی بەشەریی، دەبی لە پێشکەوتوترین کەرەسەی جیهانیی بۆ گواستنەوەی زمانەکەی کەڵک وەرگرێ. ئەو کەرەسە راگوێزەرەش جیا لە خەتی لاتین کە هەموو جیهانی خاوەن تێکنیک پێی دەنووسێ تشتێکی دیکە نییە.

چینییەکان بە 2 ملیارد نفووسەوە ناچارن لە نووسینە جوانە سوننەتییە چەندهەزارساڵەکەیان کل بن و بۆ هاتنە نێو جیهانی پیشەسازیی و ئابووریی و فامکردن و ناساندنی خۆیان، لە ئەلف و بێی لاتین کەڵک وەرگرن. کوردیش دەبی هەوڵ بدا ئەو بنەمایە بە گرینگ بگرێ.

ئەزمونی کورد لە باشور و نووسین بە کوردیی و بە ئەلف و بێی لاتین لە باکوری کوردستان کارێک نییە کە تازە بنەماکەی داندرابێ. ئەو رێییە، بێکەند و کۆسپ و خۆشکراوە، زۆر لەوەپێش مەزنبنەماڵەی کوردپەروەری بەدرخانییەکان دەستنیشانی کردووە.

چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤار و کتێب بە پیتی لاتین سەرەرای ئەوە کە دەرەتانێک پێک دێنێ کە کورد بۆ یەکگرتوویی زمانی کوردی کەڵکی لێوەرگرێ، تارادەیەکی زۆریش یارمەتیدەکا بە چارەسەرکردنی گیروگرفتی فێربوونی زمانە بیانییەکان وکەڵک وەرگرتن لە سەرچاوەی زانست کە بە زمانە گەشەکردووەکانی جیهانی دەنووسرێن.

دەستنیشانکردنی ئەو بەندانەی کە لەماددەی 9دا هاتون سنوردارکردنی گشتییبوونی قانوونەکە دەگەیەنێ. ئەگەر ئەو مافە بە شێوەی رەها بنووسرابایە هیچ گیروگرفتێک بۆ لێکدانەوەی جیاواز نەدەهاتە ئاراوە و کارگێرانی غەیرە کورد بۆ بەرهەڵستکردنی قانوونەکە دەستیان ئاواڵە نەدەبوو.

## Chapter Two –– Fundamental Rights

### Article 10 [Respect by Government]

As an expression of the free will and sovereignty of the Iraqi people, their representatives shall form the governmental structures of the State of Iraq. The Iraqi Transitional Government and the governments of the regions,

governorates, municipalities, and local administrations shall respect the rights of the Iraqi people, including those rights cited in this Chapter.

## بەشی دووهەم:
## مافە سەرەکییەکان

### ماددەی 10

نوێنەرانی خەڵکی عێراق بۆ نیشاندانی ئیرادەی ئازاد و حاکمییەتی خەڵک، بنیاتەحکومییەکانی دەوڵەتی عێراق دادەمەزرێنن. حکومەتی ئینتیقالیی، حکومەتە هەرێمییەکان، دامەزراوە پارێزگەییەکان، شارەوانییەکان و ئیدارە خۆجێییەکان(محلی)دەبێ رێزی مافەکانی خەڵکی عێراق بەو شێوازەی کە لەم بەشەدا باس کراون بگرن.

نووسەرانی قانوونەکە بەپێی ماددەی دە دەیانەوێ بە دەستنیشانکردنی ئۆرگانەکانی حکوومەتیی، سیستمە فێدراڵییەکەو دەسەڵاتی ئۆرگانەکانی دیاری بکەن و سیستمی سێنتراڵیی پێشوو تێک بشکێ. ئەوەی کە نەدیارە سنوری دەسەلاتی ناوەند و دەوڵەتی فێدراڵی کوردستانە. وەکو لە بەشەکانی پێشتردا باس کرا سیستمی فیدراڵیی ئەمریکا لە بەشەسەرەکییەکاندا ( ئەرتەش و هێزی نیزامیی ، دابەشکردنی بودجە، سیاسەتی ئابووریی و پووڵ و بانک و سیاسەتی دەرەوە وەڵامی مەسەلەی کورد ئەو جۆرەی کە چاوەروان دەکرێ ناداتەوە. سیستمەکە زیاتر رووی لە بەهێزکردنی ناوەندە لەبەرابەر دەوڵەتە فیدراڵییەکاندا. سیستمی فیدراڵیی ئەمریکا واقعییەتی جیایی نەتەوەکان مافی وەکو یەکی ئەوان وەبەرچاو ناگرێ. سیستمی فیدراڵیی سودان ، سویس و چەند وڵاتی دیکە کە لەمەو بەر بەوردیی باسیان کراوە وەڵامی مەسەلەی کورد و دۆزەرەواکەی دەدنەوە. ئەو مەسەلەیە 200 ساڵ لەمەو بەر بۆ نووسەرانی قانوونی ئەساسی ئەمریکا لە ئارادا نەبوو تا دانەرانی سیستمی فیدراڵیی ئەمریکا وەبەرچاوی بگرن. ئێستاش ئەو مەسەلەیە لە ئارادا نییە. چونکە ئەمریکا وڵاتی کۆچەرانە نە نەتەوەکان. گرووپە ئێتنیکییەکان ئەو کۆمەڵگایەیان پێکهێناوە.

داگیرکردنی نیشتمانی گەلانی رۆژهەڵات و بە تایبەتی کوردستان لە لایەن ئینگلیز و فەرەنسە و عوسمانیی و فارسەکانەوە وێرانیی، زیان کەسەر و ژێنوسایدێکی کە لەئاکامی ئەو داگیرکارییە بەسەر کورد هاتووە بە چەشنێک بووە کە متمانەی پێکەوەژیانی هێمنانەی لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان کردووەتە ئەفسانە. بەربەرییەتی حکومەتی ترکان و پاشکانی ئێران و دیکتاتۆتانی عەرەب دژ بە کورد دیاری ناکرێ. ئاخرینیان شەرەکانی کەنداو و شەری بێبرانەوەی هەموو دەوڵەتەکانی رۆژهەڵات دژی کورد لەم سەت ساڵەی دواییدایە. هەر تەنیا لە ساڵی 1915 – 1916 بە گوێرەی دۆکۆمێنتێک کە لەداموودەزگای کوشتارگەران بڵاوکراوەتەوە و لە کتێبی Lexikon der Völkermorde بە زمانی ئالمانی و بە ژمارەی ISBN3-499-22338-4 کە GUNNAR HEINSOHN لە لاپەرەی 229 لە ساڵی 1998بلاوی کردووەتەوە هێزەکانی روس و ئەرمەن بە تۆڵەی کوشتاری تورکان لە خەڵکی ئەرمەن هێرشیان کردە سەر کوردی بێدفاعی کوردو 128000کەسیان کوشتارکرد. ئەوە تەنیا ژمارەیەکی کەمە لەو زنجیرە کوشتارەی کە لەلایەن دژبەرانی حکومەتی ترک لە کورد کراوە. بێجگە لە کوشتاری کورد بەدەستی ترکانی عوسمانی و

هێزەکانی مستەفا کەمال و فەرخەترکان لە شەری یەکەم بەملاوە،  گورگەبۆرەکان و پاشکانی ئیران فارسەکان و عارەبە کان کوشتار و تواندنەوەی کوردیان لە ملیۆن تێپەراندووە و هەرگیز لێیان نەکۆلدراوەتەوە. ئێمە تەنیا زانیاری سەرەتایی و پچرپچری ئەو گەلکوژییانەمان هەیە. تەنانەت ژمارەی نزیک بە تەواوی کوشتاری کورد لەم سەردەمە و پاش ئەنفال و گازکوژیی و کوشتاری رژیمی خومەینی و کۆماری تێرۆریستی ئیسلامی کە لەیەکەم ساڵەکانی هاتنەسەرکاری 70.000 کەسی کوشتارکرد تا ئەمرۆ لەلایەن هیچ کۆروکۆمەڵێکی نێونەتەوەیی نەکەوتووەتە ژێر لێکۆڵینەوە.

پەیمانەکانی سێڤر، سەعدئاباد، ناتۆ، ، ئەلجەزایر و شەری راستەوخۆو پشتیوانیی نیزامیی هەموو وڵاتانی عەرەبی لە نیزامەکوشتارگەرەکەی سەددام و ئەسەد و تورکییە تەنیا بۆ تواندنەوە و کوشتاری بە کۆمەڵی کورد بووە. پەیمانی دەوڵەتانی داگیرکەر بۆ درێژەدان بە داگیرکاری و کوردکوژیی ئێستاش هەر بەردەوامە.

فیدراڵیی بوونی عیراق بە مانای ئەوەیە کە کورد بۆ هەمیشە کۆتایی بە و وەزعە بێنێ کە تێیدایە. تەنیا رێگە چارەش قبووڵی ئەو نموونە لە فێدرالیزمە کە لە نێوان دەوڵەتی ناوەندیی سوودان و بەرەی ئازادیبەخشی گیانگەرەنگ لە باشوور پەسند کراوە.

گرنگی مەسەلەکە بۆ کورد لەوەدایە کە مکانیزمێک لەو چەشنە فێدرالییەدا رەچاوبکرێ کە دەووڵەتی ناوەندیی نەتوانی بە بێ ئاگاداریی و رەزامەندیی دەوڵەتی فێدراڵی کوردستان هیچ قەراردادێکی نیزامیی، ئەمنییەتی لەگەڵ دەوڵەتەکانی دیکە ببەستێ. مافی ڤێتۆ بۆ کورد هەبێ و هەر چەشنە قەراردادێکی چەککرین، پێکهێنانی ئاڵوگۆر لە بەرنامەی زیادکردنی نەفەرات و یەکانەکانی ئەرتەش بە رەزامەندیی پارلمانی کوردستانەوە گرێ بدرێ.

لەمەو بەر لە پێکهاتنی دەوڵەتی باکوری سودان و بەرەی رزگاریدەری سودان دواین و خالەسەرەکییەکانی ئەو رێککەوتننامەیە خرایە بەرچاوی خوێنەران.

بە خۆشحاڵییەوە رۆژی 09.07.2005  بە بەشداریی کۆفی عەنان، سکرتێری نەتەوەیەکگرتووەکان و سەرۆک کۆماری ئەفریقای باشوریی رێورەسمی وەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتی جێگریی سەرۆک کۆماریی سودان لەلایەن جۆن گەرەنگ  رێبەری بەرەی رزگاریدەری باشور بەرێوە چوو. جۆن گەرەنگ  بە مافی ڤێتۆوە  بوو بە جێگری سەرۆک کۆماری سودان. دەوڵەتی فێدراتیوی سودانیش  بە تایبەتمەندییەکی جیاواز لەو دەوڵەتەفێدراتیوانەی کە تا ئەمرۆ پێکهاتوون بە رەسمیی خۆی بە جیهان ناساند.

لەمەو بەر دەقی رێککەوتننامەکەیان کە بە بەشداریی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا یەکێتیی ئوررووپا ، اتحادیەی عەرب و رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەسترا بە وردی باسکرا.

 هەرکام لەو دەوڵەتانەی کە ئێستا کورد هاوپەیمانییانە سەردەمێک لە قرکردنی کورد و داگیرکردنی خاکەکەیدا یارێدەری داگیرکەرانی کوردستان بوون. ئە وتەیەی چرچیل لە سیاسەتدا راستە کە گوتی : ئێمە تاسەر نە دۆستی کەسین و نە تاسەر دوژمنی کەس. ئەوەی دۆستایەتیی و دوژمنایەتیی ئێمە دیاری دەکا بەرژەوەندیی گەلی ئێمەیە.

بوونی کورد لە گەڵ عەرەب و هەر گەلێکی دیکە و لەهەر هاوپەیمانییەکدا دەبێ بەرژەوەندیی کورد دیاری بکا. پێکەوە ژیانی مێژوویی و هاوئایینی و تێکەڵاویی کولتووریی و فەرهەنگیی قسەی بەر ئاگردانن. دروستکردنی کیانی کورد، مانەوەی کورد دەستەبەر دەکاو کورد لە کۆمەڵکوژیی و ئەنفاڵ

و کۆڕەو و موکری قران و تواندنەوە بە دەستی ترک و روس و فارس و عەرەب رزگار دەکا. دژایەتی لەگەڵ ئەو ویستە سرووشتیە، شوێنیزمی کوێرە و جیهانی ئەمرۆ ئەوە رەت دەکاتەوە.
رواڵەتی ماددەی دە و نێوەرۆکەکەی وادەگەیەنێ کە بە نووسرانی قانوونەکە و کۆبوونەوەی نوێنەرانی خەڵک لە ئەنجومەنی نیشتمانیدا حکوومەت پێک دێ و ئۆرگانەکانی حکومیی بەوپێیەی کە لەسەرەوەدا ناوبردران دیاری دەکرێن. ئەو ئۆرگانانەش کاروبارەکانیان دیارییە و رادەی دەسەڵاتیان بۆبریاردان و بریاروەرگرتن خوویایە. دەوڵەتی ئینتیقالیی دەبێ کاروباری دەوڵەتە فێدراڵییە هەرێمییەکان، بە تایبەتی ئەو ناوچە و پارێزگایانەی کە لە کوردستان دابراون و دەبێ بخرێنەوە سەر کوردستان بەر لەپەسندکردنی قانوونی ئەساسی (دەستوور) لەلایەن خەڵکی عێراقەوە یەکلا بکاتەوە.
لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دەوڵەتە فێدراڵییەکان، مەسەلەی بودجە و میزانەکەی بۆ کوردستان، مەسەلەی ئەرتەشی پێشمەرگەی کوردستان نەدیارە. سنوری دەسەڵاتی ناوەندیی بۆ کاروباری پێوەندیی دەرەوە تاکوێیە و دەوڵەتی فێدراڵی کوردستان چۆن دەتوانێ متمانە بە دەوڵەتی ناوەندیی بکا کە وەزارەتی کاروباری دەرەوە و حیزبی زۆربە کە دەوڵەت پێکدێنێ و لە ژێردەستی گرێدراوانی عەقیدەتی و ئیدۆلۆگەکانی وڵاتانی دراوسێی دژبەکورد و دژی دێموکراسیدابێ؟ ئەگەر رێبەرانی سیاسیی کورد ئەو ریسکە مەزنەبکەن و ئیدارەی ئابووریی وڵات و سکەلێدان ( چاپی پارە) ئەرتەش و کاروباری دەرەوە بە ناوەند بسپێرن و لە دەزگای ئەمنییەتی نێوخۆییدا تەنیا دەوڵەتی ناوەندیی دەسەڵاتدار بێ و کورد لە بەرێوەبردن و دانی قەرارەکاندا مافی ڤێتۆی نەبێ، کورد هەرگیز بە سەروەریی خۆی ناگا. ئەوەش بۆ سەرۆکایەتی سیاسیی کورد خوویایە. هەرچەند سیاسەتڤانانی کورد لە حاڵی حازردا گرنگترین دەوریان هەیە، بەڵام ئایا دوژمنانی "بالقوە" و لاوازی ئەمرۆ هەروا دەمێننەوە؟

Article 12 [Equality, Life, Liberty, Personal Security]
All Iraqis are equal in their rights without regard to gender, sect, opinion, belief, nationality, religion, or origin, and they are equal before the law. Discrimination against an Iraqi citizen on the basis of his gender, nationality, religion, or origin is prohibited. Everyone has the right to life, liberty, and the security of his person. No one may be deprived of his life or liberty, except in accordance with legal procedures. All are equal before the courts.

## ماددەی دوازدە[ یەکسانیی،ژین، ئازادیی، خۆ هێمنی ]

عێراقییەکان بێ لەبەرچاوگرتنی جنس، مەسلەک، بیرو ئەندیشە ، باوەروئیمان، نەتەوە، دین یان رەچەڵەک، لە هەمبەر قانووندا بەرامبەرن و مافیان یەکسانە. جیاکردنەوەی هاووڵاتیی عێراقیی لەسەر بنەماگەلی، جنس، نەتەوە،دین،یان ڕەچەڵەک و بنەما یاساخە. هەر شاروەندێک مافی بۆ ژیان، ئازادیی و هێمنیی کەسایەتیی خۆی هەیە. کەس لە مافی ژیان ، مەگەر لە پێوەندیی بە رەوتی لێکۆڵینەوەی قانوونییەوە, نابێ بێبەش بکرێ.
هەموو لە لەبەر دەم دادگەدا یەکسانن.

لەمەر ئازادیی مرۆڤ لە كۆمەلگادا، دوو بیرۆكەی ناتەبا هەیە. یەكەمیان لەسەر بنەمای بایەخ و كەسایەتی تاكە. لەو روانگەیەوە تاك سەرچاوەی دەسەڵاتی حكومەتە، هەر چەند سەر بە نزمترین توێژ یان پلەی چینی كۆمەڵیش بێ. دەوڵەت بە هەموو دەسەڵاتییەوە، ناتوانێ مافەكانی تاك خەوشدار و پێشێل بكا. تاك خولقێنەری بایەخە. تاك بۆ ئەوە بتوانی لە هێزی داهێنەری خۆی كەڵك وەرگرێ، كۆمەڵێك هەلومەرجی لەباری پێویستە، كە گرینگترینیان ئازادییە.
دەوڵەت بە حوكمی سروشتی زیدەخوازیی دەسەلات، خوازیاری كەمتركردنەوەی ئازادیی تاكە. لەورووەوە دەسەڵاتی دەوڵەت لەبەرامبەر تاكدا دەبێ سنووردار بكرێ. سنوری دەسەلاتی دەوڵەت لە قانوونی ئەساسیی ولە دادرەسیی دادگاكاندا دیاری دەكرێ.
بیرۆكەیەكی دیكە ئەوەیە كە دەوڵەت بەرپرسایەتییەكەی هەر ئەوەندەیە كە خزمەت بە خەڵك بكا و پێویست بەوە ناكا كە گیروگرفت و كۆسپێك وەكوو مافی تاك دروست بكرێ و و دەوڵەت خۆی پێوە گرفتار بكا. لەو روانگەیەوە تاك دەبێ بیرو فكری خۆی لەگەڵ دەوڵەت كە بەرژەوەندیی كۆمەڵگا دەپارێزی رێك بخا. لەورووەوە نابێ كاروباری دەوڵەت كە ئاسایشی هەموو خەلكی دەوێ بەربەست و سنووردار بكرێ.
ئەم بیرۆكەیە بە پێی بڵاووكی رێكخراوەی نەتەوەیەكگرتووەكان رەت كراوەتەوە. رێزو آزادییەكانی تاك، لە قانوونی ئەساسیی زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بنەمایەكی سەلمێندراوو حاشا هەڵنەگرە. تاك و مافەكانی سەرچاوەی هێز و دەسەڵاتی حكومەتە. سەرەرۆترین و خوینرێژترین و دیكتاتۆر و باندە كانی دەسەڵاتداریش خۆیان بە نوێنەری تاكەكانی كۆمەڵ دا دەنێن .
مافەكانی تاك نابژێردرێن. ناكرێ لیستەیەك لە ئازادییەكانی مرۆڤ ئامادەبكرێ و دەووڵەت بە بەرپرسی پاراستنیان بزانرێ و بگوترێ دەوڵەت هەر بەرپرسی رێزلێنان لەو ژمارە مافەیە كە دیاری كراون. ئەوەی كە لەقانوونی ئەساسییدا ناوی دەبردرێ بە مانای بژاردن و دیاریكردنی ژمارەیلی مافی تاك نییە، بەڵكو ئەوانە وەكو نموونە و وێنە دەستنیشان دەكرێن. لەو رووەوە كە خەلك سەرچاوەی قانوونە و دەوڵەتیش ماف و دەسەڵاتەكەی لە خەڵك وەردەگرێ، ئەو مافەیل و دەسەلاتەی كە خەڵك بە پێی قانوون بە دەوڵەتی نەسپاردوون بە پێی بنەما و پرەنسیپی گشتیی هەر هی خەڵكە.
راستكردنەوەی ( اصلاحیە) ژمارە 9 قانوون ئەساسیی وڵاتەیەكگرتووەكانی ئەمریكا رادەگەیەنێ:
"بوونی ژمارەیەك مافگەلی دیاریكراو لە قانوونی ئەساسییدا نابێ بەو شێوەیە لێك بدرێتەوە كە خەڵك لە مافی هەبوونی مافگەلی دیكە یان پاراستنی ئەو مافانە بێبەشن."
مافی تاكیش رەها نییە. كاری گرینگی حكومەتیش ئەوەیە پێش بە پێشێل كردن و هێرشبردنەسەر مافی تاك لەلایەن كەسانی دیكەوە (حقووقیی و حقیقی) بگرێ. ئازادیی تاكیش چوارچێوەیەكی هەیە. ئەو چوارچێوەیەش پاراستنی" بەرژەوەندیی و سوودی گشتییە" كە لە كات و شوێنی جیاوازدا دەگۆڕدرێ.

Article 13 [Expression, Assembly, Association, Movement, Religion, Privacy]
(A) Public and private freedoms shall be protected.
(B) The right of free expression shall be protected.
(C) The right of free peaceable assembly and the right to join associations freely, as well as the right to form and join unions and political parties freely, in accordance with the law, shall be

guaranteed.
(D) Each Iraqi has the right of free movement in all parts of Iraq and the right to travel abroad and return freely.
(E) Each Iraqi has the right to demonstrate and strike peaceably in accordance with the law.
(F) Each Iraqi has the right to freedom of thought, conscience, and religious belief and practice. Coercion in such matters shall be prohibited.
(G) Slavery, the slave trade, forced labor, and involuntary servitude with or without pay, shall be forbidden.
(H) Each Iraqi has the right to privacy.

ماددەی 13 [ دەربڕینی بیرورا، کۆبوونەوە،ڕێکخراوە، هاتوچۆ، ئایین، خۆیبوونی]

آ- ئازادیی‌گشتیی و ئازادیی تاکەکەسیی پارێزراون.
ب- مافی ئازادیی دەربڕین{ بیرو را} دەبێ بپارێزرێ.
ج- مافی کۆبوونەوەی ئازاد و هێمنانە، مافی پێوەندیی ئازادانە به ڕێکخراوە، هەروەها مافی پێکهێنانی ئەنجوومەن، پێوەندیگرتن بە پارتی سیاسیی و و پێکهێنانی سەندیکا بە پێی ئەم قانوونەدەستەبەر دەکرێ.
د- هەموو عێراقییەک مافی هەیە بە هەموو خاکی عێراقدا هاتوچۆبکا، مافی سەفەر بۆ دەرەوە و گەرانەوەی ئازادانەی بۆ نێوخۆی عێراق بۆ هەموو عێراقییەک هەیە.
ە- هەموو عێراقییەک بە پێی قانوون مافی خۆپیشاندان و مانگرتنی هێمنانەی هەیە.
و- هەموو عێراقییەک مافی ئازادیی بیر و ئەندیشە، ویژدان و باوەری ئایینیی و ڕێورەسمی ئایینیی هەیە. ناچارکردن بەو کارانە یاساخە.
ز- ، کۆیلەتیی، کرین و فرۆشی کۆیلە، کاری زۆرەملی،خزمەتکردنی بە زۆر بە کرێ و بێ‌کرێ یاساخە.
ز- هەر عێراقییەک مافی پاراستنی ژیانی تایبەتیی خۆی هەیە.

هەر وەکو باسکرا مافی تاک لە قانوونی ئەساسیی یان دادگەکان و پێگەسیاسییەکاندا دیاری دەکرێن . ئەم مافانە بریتین لە:
1- ئازادیی تاکەکەسی.
2- مافەیلێ کە دادگەریی سەرچاوە یانە.
3- مافی ماڵیی
ئازادیی تاکەکەسی بە پێی بەندی" ز " ی قانوونی کاتی کە کۆیلەتیی ڕەتدەکاتەوە، دەستەبەر دەکرێ.
ڕەنگە ئەو کۆیلەتییە کە لەو ماددەیەدا هاتووە بە شێوەی ڕاستەو خۆ نەبیندرێ. بەڵام بوونی چەشنێک کۆیلەتی کە بە رواڵەت ڕەنگی ئاییینی لێدەدرێ ئێستاش لە نێو عەشیرەت و خێڵەکییە شارنشینەکاندا ماوە و بە بیانووی ڕێورەسمیی ئاییینی و پاراستنی دینەوە چەشنێک کۆیلەتیی فیکریی و لەشیی لە کۆمەلگادا دەبیندرێ.

مەسەلەیەک کە لەو بەندەدا بەرچاوە ئەوەیە کە ئایا دەوڵەت دەتوانێ سەربەخۆ و بێ سکالاکردن لەلایەن کۆیلەوە ئەو پێوەندییە کۆتایی پێبێنێ؟ ئایا ئەوە بەرژەوەندیی هەموانیی کۆمەڵگە دەخاتە مەترسییەوە کە سازمانەدەوڵەتییەکان یان دادئەستێنی گشتیی لە مافی پێشێلکراوی تاکێک کە لەوکۆمەڵگایەدا ژیانی ئاسایی لێ بەربەست کراوە بکۆڵێتەوە؟
بەندی 6 ی ئەو قانوونە پێویستیی بە کردنەوەی زیاترە. پەرەئەستاندنی تۆرە تێرۆریستیەکان لە لایەن جینایەتکارانەوە لەژێر پەردەی ئیسلامی سیاسیی، خۆفناکترین شێوەی تێرۆری فکریی و لەشیی و کۆیلەتیی پێکهێناوە کە مرۆڤی ئازادی خولقێنەری ژیان دەکەنە کەرەسەی مەرگهێنەر.
قانوونی ئەساسیی وڵات دەبێ بۆ پاراستنی مافی تاک و کۆمەڵ و پێکهێنانی هێمنیی ژیان هەر چەشنە قانوونێکی ئاسایی کە رێگە بۆ هەڵس و کەوتی ئەو تۆ بکاتەوە بەربەست بکا.
قانوونی ئاسایی دەبێ کارگێرانی دەوڵتی بە بەرپرس بزانێ کە بە ئاگاداربوون لە رەفتارێکی ئەوتۆ بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانبار دەزگای دادوەری ئاگادار بکەن.
لە بەندی 1 ی ئەو قانوونەدا کە ئازادییەگشتیی و تاکەکسییەکان دەستەبەر دەکا، ئازادییەگشتییەکان دیاری نەکراون.

**پێشەکیی**

ئێمە ، خەڵکی هیندوستان سەرفیرازانە سوورین لەسەر دامەزراندنی کۆماری دێموکراتیکی سوسیالیستی نە ئایینیی بۆ پاراستنی مافی هەموو شاروەندان کە بریتین لە:

دادگەریی کۆمەڵایەتی،ئابووریی ,سیاسیی ، ئازادیی بیرو ئەندیشە، ئازادیی دەربڕینی ڕا،بیروباوی ئایینیی، ئیمان و عیبادەت

( ڕێورەسمی ئایینیی،)، یەکاسانیی هەلومەرج و دەرفەت و پەرەپێدانی برایەتی لە نێویاندا و متمانەدان و بیمەکردنی کەرامەتی تاکە کەسیی، و یەکێتیی نەتەوەیی

WE, THE PEOPLE OF INDIA, having solemnly resolved to constitute India into a _1[SOVEREIGN SOCIALIST SECULAR DEMOCRATIC REPUBLIC] and to secure to all its citizens:

JUSTICE, social, economic and political;

LIBERTY of thought, expression, belief, faith and worship;

EQUALITY of status and of opportunity;

and to promote among them all

FRATERNITY assuring the dignity of the individual and the _2[unity and integrity of the Nation];

## خاڵە سەرنجراکێشەکانی پێشنووسی قانونی دادێی( ئاینده) عێراق – کوردستان

مەبەست لە نووسینی ئەو وتارە، تێروانینێکی ڕێبوارانەیە لە ڕەشنووسی ( بەرنووس) ی قانوونی دادێی عێراق و کوردستان، بەو هیوایە کە ئەگەر بە پێشنیاری سوننیەکانی عێراق، ئاڵوگۆڕێک لە بەرنووسەکەدا بکرێ یان هێندێک لە بەندەکانی بگۆردرێ کۆڕی نوێنەرایەتی کورد بۆ نووسین و ئامادەکردنی ڕەشنووسەکە بە گۆشەی چاو سەرنجی بدا. شیکردنەوەی ئاکادێمی قانوونەکە رادەگرین بۆ دوای دەنگدانی گشتی گەلانی عێراق و کورد و چاپکردنی لە رۆژنامەی فەرمی(رەسمی) وڵات کە هەل و دەرفەتێکی زیاتری پێویستە.

### کەموکورییەکان

### 1 – دیباچە (پێشەکی)

(الف): دیباچەکە دەقێکی نەقانوونییە. لەباری سیاسییەوە تێکستێکی نزمە. (ب)هەموو لایەنە نییە( هەر بۆ پیاو نووسراوە و ژنان بە پێی ئەو نووسراوەیە راستەوخۆ دووریکیان لە کۆمەڵگا و تێکۆشان بە دژی ئەو سیستەمە تێکرماوەدا نەبووە و باسێک لە ئازارەکانیان کە بێگۆمان دوو هێندەی مێر لە کۆمەڵگادا بووە نەکراوە) بروانە دێری دەسپێکی دیباچەکە:" نحن ابناء وادی الرافدین".

(ج) لەو پێشەکییەدا باسێک لە گەلی کورد کە سیستمێکی حکومەتی 12 ساڵەی لە کوردستاندا بووە، نەکراوە. باسێک لەو راستییە نەکراوە کە کورد لەهەموو ساڵەکانی پاش 1958 تا روخاندنی رژیمی بەعس، تەنیا هێزی خەباتگێر و قوربانیدەر دژی رژیمی بەعسی سەددامی بووە. لە پێناو مافی نەتەوەیی کورد و دابینکردنی دێموکراسیش بۆ باقی گەلانی عێراق نیوملیۆن قوربانی داوە و 4500گوند و شارۆچکەی توناکراوە.

(د) ئەوەی لەسەر رێبەرانی ئایینی شیعە نووسراوە دوور لە راستییە. رێبەرانی ئایینی ئەگەر دەورێکیان بووبێ هەنووکەییە، لە کاتی خەبات و دژواریی دژ بە نیزامی سەرکوتکەر و فاشیستی رژیمی بەعس ئەوان دەورێکیان نەبوو.

(ه) دیباچەکە بەشێوەیەک نووسراوە کە بنەماڵەی زیانوێکەوتوو وشەهیدانی کورد بە هاسانی نەتوانن دژ بە دەوڵەتی ناوەندی لە دادگە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان داوای قەرەبووکردنەوەی خەساری ماڵی و رووحی بکەنەوە. ژێنۆساید یان کۆمەلکوژی وکارەساتەدژی بەشەرییەکانی رژیمی پێشوو کە تاوانێکی نێونەتەوەییە کراونەتە کردەوەی تێرۆریستی، بۆ ئەوە سیستمی جێگیر لە قەرەبووکردنەوەی زیانی کورد خۆی دەرباوێ. هەروەها نەکرێ دژ بە دەوڵەتە بیانییەکان و ئەو شیرکەتانەی کە لەو کۆمەڵکوژیانەدا شەریکە تاوان بوون لە دادگە نێونەتەوەییەکاندا داوای مەحکەمەکردنی تاوانبارانی شەر و قەرەبووکردنەوەی خەسارەکانی بکا. بروانە دەقی دیباچەکە:" و مستنطقین عذابات القمع القومی فی مجازرحلبجە و برزان و الانفال والکوردالفیلیین) نووسەر پێیوابووە، انفال و کوردی فەیلی وەکو هەڵەبجە و بارزان مجازر واتە کوشتارگە بوون.

مجازر ج مجزر : شوێنی سەربرینی حوشتر، کوشتارگەی وشتران، سەللاخخانە، ف / ع مسلخ فەرهەنگی لاروس ، عەرەبی- فارسی.
انفال( ئەنفال) سوورەی 8 ی کەلام اللە ی پیرۆز سەبارەت بە تالانی ماڵ و سامان و بەردەست کردنی کافرانە.
سەددام لە ساڵی 1987 کورەمامی خۆی بە ناوی علی حسن مجید( علی کیمیاوی) کردە دەسەڵاتداری یەکەمی کوردستان. علی حسن مجید بە ناوی ئەنفال بەرنامەی خاشەبرکردن واتە توناکردی کوردی دارشت و خۆی بەرێوەی برد.

ئەوەی کە دژ بە کورد کراوە، ژنوساید و خاشەبرکردنی نژادییە و سیستمێکی دژی مرۆڤ کردوویە. سیستمی جێگرو بە پێی قانوونە نێونەتەوەییەکان بەرپرسایەتی هەموو زیان و خەسارێکی نیزامی پێشووی لە ئەستۆیە. ئەوەش لە جیهاندا بێ وێنە نییە.
حکومەتەکانی ئاڵمان، نەمسا( ئوتریش) ناچار کران پاش 58 ساڵ لە کۆتایی شەری دووهەمی جیهانی زیانی روحی 6 ملیون یەهودی کە سیستمی دژی بەشەری نازی کوشتبونی، بە میراتگرانیان و دەوڵەتی ئیسراییل بدەنەوە. دەوڵەتی سویسراش ناچار کرا لەسامانی یەهودییەکان کە نازییەکان دزیبوویان و لەبانکەکانی سویس دەستیانبەسەرداگرتبوون بەشێک بۆ بنەماڵەی میراتگراوان ببژێرێ.
دەوڵەتی تورکیا بە دانپێدانان بە کوشتاری ئەرمەن و مەحکومکردنی جینایەتەکانی فەرخەترکان( ژون تورک) دەبێتە بەرعۆدەی قەرەبووکردنەوەی زیانی ئەو گەلە توناکراوە. کورد بۆی هەیە داوای مەحکوومکردنی روسیا و ئەرمنستان و تورکیا بکا بۆ کوشتاری 128هەزار کورد لە ساڵی 1917 بروانە لاپەرەی 229 لێکسیکۆنی گەلکوژیی بە زمانی ئاڵمانی .

Lexikon der Volkermorde

Gunnar Heinsohn ISBN 3-499-22338-4

ئەرکێک کە دەکەوێتە سەر دەوڵەتی فێدراڵی کوردستان ئەوەیە وەک لایەنێکی بەرپرس دەرەتانی کردنەوەی رێگە بۆ دادخوازیی و سکاڵای کورد لە دادگە نێونەتەوەییەکان بە دژی شیرکەتە دەوڵەتییەکانی ئاڵمانی، فەرەنسی، هولەندیی، ئینگلیزیی، روسی و سیاسەتڤانانی ئەو وڵاتانە کە گازی شیمیایی و کەرەسەیکۆمەڵکوژییانبە رژیمی سەددام دابوو بکاتەوە و شەریکەجینایەتەکانی سیستمی بەعس بکێشێتە دادگە. بەڵگەی پێویست بە تایبەتی دژی شەریکە کەتنەکانی رژیمی بەعس بۆ فەرەنسە، ئاڵمان، نەمسا، روس ئاشکران. هەوڵدان بۆ ئەو مەسەلەیە ئەرکێکی نەتەوەییە. پێکهێنانی کۆرێک لەمافناسانی کورد و پشتیوانیکردنیان بۆ کردنەوەی فایلی گومانلێکراوانی وڵاتانی یارمەتیدەری رژیمی بەعس ئەرکی پیرۆزی نەتەوەییە. 18 تۆن بەڵگەی دەستبەسەرداگیراو لە ئیدارەدەوڵەتییەکاندا لەلایەن خەلکی راپەریوی کورد و دۆکۆمێنتی دامودەزگای رژیم لە سەردەمی رووخانیدا دەستی هەموو حکومەتە جینایەتکارەکانی عەرەب و هاودەستانی غەیرە عەرەبی بەعسییەکان روودەکا.
(ز)ئەم قانوونە عێراق دەکاتە مەیدانی شەری ئایینی، شیعە، سوننی و لەتوکوتکردنی کورد بە شەبەک ، فەیلی ، مەسیحی و صائبی... ئەوەش بەشێک لە پیلانی دوژمنانی کوردە کە ئێمە لە

هەموو ئەووڵاتانەی کە کوردستانیان داگیرکردووە ئەو هەوڵەیان داوە. تەنانەت کەسانێک کە بە ناوی لێکۆڵەرو زانای زمان دەناسێندرێن بۆ ئەو پیلانە ماندوترن.
چاوەروان دەکرا لە دیباچەکەدا ئاماژە بە مافەکانی مرۆڤ بکرێ کە، بۆ هەمووان دەستەبەر دەکرێ. هەرچەند لە بەشی مافەکاندا هێندێک لە مافەکان بەهەق دەستەبەرکراون.

## خاڵە سەرنجراکێشەکانی پێشنووسی قانونی دادێی( ئایندە) عێراق – کوردستان

مەبەست لە نووسینی ئەو وتارە، تێروانینێکی رێبوارانەیە لە رەشنووسی ( بەرنووس) ی قانوونی دادێی عێراق و کوردستان، بەو هیوایە کە ئەگەر بە پێشنیاری سوننیەکانی عێراق، ئاڵوگۆرێک لە بەرنووسەکەدا بکرێ یان هێندێک لە بەندەکانی بگۆردرێ کۆڕی نوێنەرایەتی کورد بۆ نووسین و ئامادەکردنی رەشنووسەکە بە گۆشەی چاو سەرنجی بدا. شیکردنەوەی ئاکادێمی قانوونەکە رادەگرین بۆ دوای دەنگدانی گشتی گەلانی عێراق و کورد و چاپکردنی لە رۆژنامەی فەرمی(رەسمی) وڵات کە هەل و دەرفەتێکی زیاتری پێویستە.

### کەموکورییەکان

### 1 – دیباچە (پێشەکی)

(الف): دیباچەکە دەقێکی نەقانوونییە. لەباری سیاسییەوە تێکستێکی نزمە. (ب)هەموو لایەنە نییە( هەر بۆ پیاو نووسراوە و ژنان بە پێی ئەو نووسراوەیە راستەوخۆ دەورێکیان لە کۆمەڵگا و تێکۆشان بە دژی ئەو سیستمە تێکرماوەدا نەبووە و باسێک لە ئازارەکانیان کە بێگۆمان دوو هێندەی مێر لە کۆمەڵگادا بووە نەکراوە) بروانە دێری دەسپێکی دیباچەکە:" نحن ابناء وادی الرافدین".
(ج) لەو پێشەکییەدا باسێک لە گەلی کورد کە سیستمێکی حکومەتی 12 ساڵەی لە کوردستاندا بووە، نەکراوە. باسێک لەو راستییە نەکراوە کە کورد لەهەموو ساڵەکانی پاش 1958 تا روخاندنی رژیمی بەعس، تەنیا هێزی خەباتگێر و قوربانیدەر دژی رژیمی بەعسی سەددامی بووە. لە پێناو مافی نەتەوەیی کورد و دابینکردنی دێموکراسیش بۆ باقی گەلانی عێراق نیوملیۆن قوربانی داوە و 4500گوند و شارۆچکەی توناکراوە.
(د) ئەوەی لەسەر رێبەرانی ئایینی شیعە نووسراوە دوور لە راستییە. رێبەرانی ئایینی ئەگەر دەورێکیان بووبێ هەنووکەییە، لە کاتی خەبات و دژوارییی دژ بە نیزامی سەرکوتکەر و فاشیستی رژیمی بەعس ئەوان دەورێکیان نەبوو.
(ە) دیباچەکە بەشێوەیەک نووسراوە کە بنەماڵەی زیانوێکەوتوو وشەهیدانی کورد بە هاسانی نەتوانن دژ بە دەوڵەتی ناوەندی لە دادگە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان داوای قەرەبووکردنەوەی خەساری مالی و رووحی بکەنەوە. ژێنۆساید یان کۆمەلکوژی وکارەساتەدژی بەشەرییەکانی رژیمی پێشوو کە تاوانێکی نێونەتەوەییە کراونەتە کردەوەی تێرۆریستی، بۆ ئەوە سیستمی جێگیر لە قەرەبووکردنەوەی زیانی کورد خۆی دەرباوێ. هەروەها نەکرێ دژ بە دەوڵەتە بیانییەکان و ئەو شیرکەتانەی کە لەو کۆمەڵکوژیانەدا شەریکە تاوان بوون لە دادگە نێونەتەوەییەکاندا داوای

مەحکەمەکردنی تاوانبارانی شەر و قەرەبووکردنەوەی خەسارەکانی  بکا. بروانە دەقی دیباچەکە:" و مستنطقین عذابات القمع القومی فی مجازرحلبجه و برزان و الانفال والکوردالفیلیین) نووسەر پێیوابووە، انفال و کوردی فەیلی وەکو هەڵەبجە و بارزان مجازر واتە کوشتارگە بوون.
مجازر ج مجزر : شوێنی سەربرینی حوشتر، کوشتارگەی وشتران، سەللاخخانە، ف / ع مسلخ فەرهەنگی لاروس ، عەرەبی- فارسی.
انفال( ئەنفال) سوورەی  8 ی کەلام الله ی پیرۆز سەبارەت بە تالانی ماڵ و سامان و بەردەست کردنی  کافرانە.
سەددام لە ساڵی 1987 کورەمامی خۆی بە ناوی علی حسن مجید( علی کیمیاوی) کردە دەسەڵاتداری یەکەمی کوردستان.  علی حسن مجید بە ناوی ئەنفال بەرنامەی خاشەبرکردن واتە توناکردی کوردی دارشت و خۆی بەرێوەی برد.

ئەوەی کە دژ بە کورد کراوە، ژنوساید و خاشەبرکردنی نژادییە و سیستمێکی دژی مرۆڤ کردوویە. سیستمی جێگرو بە پێی قانوونە نێونەتەوەییەکان بەرپرسایەتی هەموو زیان و خەسارێکی نیزامی پێشووی لە ئەستۆیە. ئەوەش لە جیهاندا بێ وێنە نییە.
حکومەتەکانی ئاڵمان، نەمسا( ئوتریش) ناچار کران پاش 58 ساڵ لە کۆتایی شەری دووهەمی جیهانی  زیانی روحی 6 ملیون یەهودی کە سیستمی دژی بەشەری نازی کوشتبونی،  بە میراتگرانیان و دەوڵەتی ئیسراییل بدەنەوە. دەوڵەتی  سویسراش ناچار کرا لەسامانی یەهودییەکان کە نازییەکان دزیبوویان و لەبانکەکانی سویس دەستیانبەسەرداگرتبوون بەشێک بۆ بنەماڵەی میراتگراوان ببژێرێ.
دەوڵەتی تورکیا بە دانپێدانان بە کوشتاری ئەرمەن و  مەحکومکردنی جینایەتەکانی فەرخەترکان( ژون تورک) دەبێتە بەرعۆدەی قەرەبووکردنەوەی زیانی ئەو گەلە توناکراوە. کورد بۆی هەیە داوای مەحکوومکردنی روسیا و ئەرمنستان و تورکیا بکا بۆ کوشتاری 128هەزار کورد لە ساڵی 1917 بروانە لاپەرەی 229 لێکسیکۆنی گەلکوژیی بە زمانی ئاڵمانی .

Lexikon der Volkermorde

Gunnar Heinsohn ISBN 3-499-22338-4

ئەرکێک کە دەکەوێتە سەر دەوڵەتی فێدراڵی کوردستان ئەوەیە وەک لایەنێکی بەرپرس دەرەتانی کردنەوەی رێگە بۆ دادخوازیی و سکاڵای کورد لە دادگە نێونەتەوەییەکان بە دژی شیرکەتە دەوڵەتییەکانی ئاڵمانی، فەرەنسی، هولەندیی، ئینگلیزیی،  روسی و سیاسەتڤانانی ئەو وڵاتانە کە گازی شیمیایی و کەرەسەیکۆمەڵکوژییانبە رژیمی سەددام دابوو بکاتەوە و شەریکەجینایەتەکانی سیستمی بەعس بکێشێتە دادگە. بەڵگەی پێویست بە تایبەتی دژی شەریکە کەتنەکانی رژیمی بەعس بۆ فەرەنسە، ئاڵمان، نەمسا، روس ئاشکران. هەوڵدان بۆ ئەو مەسەلەیە ئەرکێکی نەتەوەییە. پێکهێنانی کۆرێک لەمافناسانی کورد و پشتیوانیکردنیان بۆ کردنەوەی فایلی گومانلێکراوانی وڵاتانی یارمەتیدەری رژیمی بەعس ئەرکی پیرۆزی نەتەوەییە. 18 تۆن بەڵگەی دەستبەسەرداگیراو لە ئیدارەدەوڵەتییەکاندا  لەلایەن خەلکی راپەریوی کورد و دۆکۆمێنتی دامودەزگای رژیم لە سەردەمی رووخانیدا دەستی هەموو حکومەتە جینایەتکارەکانی عەرەب و هاودەستانی غەیرە عەرەبی بەعسییەکان روودەکا.

(ژ)ئەم قانوونە عێراق دەکاتە مەیدانی شەری ئایینی، شیعە، سوننی و لەتوکوتکردنی کورد بە شەبەک ، فەیلی ، مەسیحی و صائبی... ئەوەش بەشێک لە پیلانی دوژمنانی کوردە کە ئێمە لە هەموو ئەووڵاتانەی کە کوردستانیان داگیرکردووە ئەو هەوڵەیان داوە. تەنانەت کەسانێک کە بە ناوی لێکۆڵەرو زانای زمان دەناسێندرێن بۆ ئەو پیلانە ماندوترن.
چاوەروان دەکرا لە دیباچەکەدا ئاماژە بە مافەکانی مرۆڤ بکرێ کە، بۆ هەمووان دەستەبەر دەکرێ. هەرچەند لە بەشی مافەکاندا هێندێک لە مافەکان بەهەق دەستەبەرکراون.

## دیباچە

هەر وەکو لەمەوبەر گوترا لەو دیباچەیەدا باسێک لە باشوری کوردستان نەکراوە. ئەوەی هەیە دەستەوشەگەلی دژ بە مەسەلەی نەتەوایەتی و شەتەکدانی کوردە لە "شعب" ی عێراق. تەنانەت ئەوکاتەش کە باسی " نظام جمهوری اتحادی ديموقراطی تعددی دەکری ناگوترێ لایەنەکانی ئەو" جمهوريیە اتحاديیە تعدديیە" کێن؟یان شێوەکەی چییە؟ چۆن هەڵدەوەشێتەوە؟ کام لایەن دەتوانێ هەڵیوەشێنێتەوە ئەگەر هۆیەک بۆ رانەگرتنی ئەو یەکیەتییە پێک هات بۆ نموونە، ژێرپێخستنی مافی نەتەوایەتی کورد،ئەو کردەوە نە قانوونییە چۆن چارەسەر دەکرێ. مانای ئەم ژاروشانە چییە؟: " عراق المستقبل، من دون نعرة طائفية، ولانزعة عنصريە و لاعقدە مناطقية ولاتمييز، ولا اقصاء". عێراقی دادێ بە بێ گۆرەی تایفەگەری، بێکێشەی نژادی و بێگرێی ناوچەگەری وبێ دوورخستنەوە" دەبێ.
ئەو دیباچەیە بە جیاکردنەوەی ژن و پیاو لە مافدا، بە رەسمی ناسینی دەسەڵاتی مراجع عظام و زعما و دادگەی جۆراوجۆر بۆ پێراگەیشتن بە گیروگرفتە بنەماڵەییەکان( احوال شخصييە ) بە رەسمی ناسینی مافی تایبەت بۆ توێژی ئاخوند هەر ئەو وەزعە دێتە پێش کە لە ئێرانی ئاخوندیدا هەیە. لەمەولا ئاخوند لە هەر شوێنێکی عێراق تاوانێک بکا یان ئیدیعایەکی لەسەر بێ خۆی لەشارەپیرۆزەکانی نجف و کاظمیە و کەربەلا دەکێشێ بۆ ئەوە بپارێزرێ. ئەم شارانە پاش پەسندکردنی ئەم رەشنووسە حاڵەتی واتیکانیان دەبێ. مەزنەکانیان لەو شارانە بۆ تاوانەکانیان نادرێنە مەحکەمە. ئەگەر پێویستیش بێ وەکو ئێران دادگەی تایبەتی و سزای تایبەتییان بۆ دادەندرێ. دانی دەسەڵاتی ئەوتۆ بە ئاخوندی شیعە لە عێراق مەترسی دامەزراندنی حکومەتی ویلایەتی فەقیە لە چەشنی ئەوەی کە لە ئێران لەسەرکارە دێنێتە ئاراوە ولکاندنی بەشی شیعەنشینی عێراق بە ئێرانەوە لە درێژخایەندا دەست پێدەکا، بەو مەرجە کە حکومەتی ئاخوندی لە ئێران بۆماوەیەکی زۆر خۆی راگرێ و بمێنێ .
مادەی 3 بە ناساندنی عێراق بە : بلد القوميات و الاديان والمذاهب و شعب العربی ( کورد بە قوم ناسراوە و تەنیا عەرەب بە شعب دەستنیشان کراوە). شەعب و قەوم باری سیاسی جیاوازیان هەیە. جێی نەبوو کە کورد ئەو پێناسەیە قبوڵ بکا. کورد نەتەوەیە. خاوەنی هەموو تایبەتمەندی نەتەوەییە. قبوڵکردنی ئەو بەندە یەک لە خاڵە لاوازەکانی دیباچەکە بۆ کوردە. کورد دەبوو لەسەر ئەو خاڵە پێدابگرێ و رێگە نەدا عەرەب خۆی بە شعب پێناسەبکا و کورد بە قەوم (قوم) ، یان خۆی بە نەتەوەی عەرەبەوە گرێ بدا و کوردیش بۆی نەبێ بۆی بنووسرێ کە کورد لە باشوری کوردستان بەشێک لە نەتەوەی کوردە.

نووسەرانی دیباچەکە تەنیا شتێکی کە دەیناسن" شعب عێراق" ە و ئەو پاراگرافەی ئاخری دیباچەکەش کە دەڵێ:
" نحن شعب العراقالذی آلی علی نفسەبکل مکوناتە و اطرافە ان یقرر بحریتە و اختیارە الاتحاد بنفسە، وان یتعظ لغدە بامسە، و ان یسن من منظومةالاقلیم و المثل العلیا لرسالات السماء و من مستجدات علم و
و حضارة الانسان هذالدستور الدائم/ ان الالتزام بهذالدستور یحفظالعراق اتحادە الحرشعباو ارضاو سیادة.
زۆر خوویایە.

3

بەشی یەکەم
بنەما سەرەکییەکان:
مادەی یەکەم
جمهورية العراق دولة مستقلة ذات سيادة، نظام الحكم فيها جمهوري نيابي (برلماني) ديمقراطي اتحادي

کۆماری عێراق دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەرییە و نیزامە حکومەتیەکەی کۆماری پارلمانی، دێموکراتی یەکگرتووە.
وڵاتێکی دیکەش لە جیهاندا ئەو سیستمە حکومەتییەی هەیە و ئەویش ئێتیوپییە. (اتیۆپیا)



Repubblica Federale d'Etiopia
Ityop'iya Federalawi Demokrasiyawi Ripeblik

پێویست بوو کۆماری فێدراڵی عێراق ناوببردرێ نە کۆماری عێراق. پێویست نەبوو پێناسەی" دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەرییە" ی بۆبنوسرێ. دەوڵەت بێ سەروەری و سەربەخۆیی مانای نییە. ئەگەر ئەو دوو پەسنەی لە خۆیدا نەبێ دەوڵەت نییە
اتحادی هەرچەند بە فیدرالی لێک دەدرێتەوە، بەڵام ئەوسیستمە حکومەتییە باشتر بوو هەر بەو وشەیەی کە ناسراوە بنوسرێ.
لەسەر ئەوە کە ئایا فێدرالی بوون وەڵامی چارەسەری کێشەی نەتەوەیی کورد دەداتەوە، باسهەڵگرە.
پێناسەی کۆماری ، پارلمانی، دیموکراتی اتحادی گەوهەر و ناوەرۆک و ماهییەتی قانوون وسیستمێک کە لەو وڵاتەدا جێگیربێ دیاری دەکا. لە تقدم و تاخر( بەر و دوا) و لە بەکارهێنانی بەندی ا و ب ماددەی یەک لە ناتەبایی نێوان" مبادی دیموکراسی لەگەڵ ثوابت احکام اسلام" سیستمی حکومەتی پاڵپشتی دێموکراسییە.

ئەو ڕەشنووسە ئەگەر پەسند بکرێ، هەرچەند بەرواڵەت  قانوونێکە بەڵام وەکو دوو سیستمی قانوونییە کە لە کردەوەدا دوو لێکدانەوە بە دووروانگەی ئایینی و لائیک هەڵدەگرێ.  دووفکر، دۆبۆچوون، دوو فەلسەفە، و دووجیهانی جیاواز لەو قانوونەدا دەبیندرێ کە تێکەوە پێچراون. لەبەرێکدا واقیع بینی سیاسی- کۆمەڵایەتی،عەداڵەتخوازی،  مافی مرۆڤ و ڕەتکردنەوەی هەرچەشنە پاوانخوازی( ئایینی ، تایفی، زمانی، ڕەگەزی) بە پشتیوانی ئەزمونی مێژویی گەلانی سەرزەوی و پەسندکراوە گشتییەکان لە دامودەزگا نێونەتەوەییەکاندا خۆی دەنوێنێ کە  خوازیاری پێکەوە ژیانی هێمنانەیە. ئەم بۆچوونە نیزامی حکومەتی جیهانی پێشکەوتووی سەردەم دەیخوێنێتەوە. ئەوە باشترین سیستمێکە کە تا ئەمڕۆ مرۆڤ بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی ژیان پێیگەیشتووە. لەلایەکی دیکەوە گروپێکی کەمچیکلدانەو نیگەران کە لە جیهانی نوێدا جێی نابێتەوە، چونکە نایناسێ وەکو مامرێک کە هێلکە مراوی هەڵێنابێ خۆی دەناسێنێ. ئەو دەبینێ کە جوچکەکانی پەروپۆی چەوری مەلەکردن لە ئاودا و سەوڵی پێی خۆیان هەیە و بەرەو ڕوباری ژیان وەرێکەوتوون و بە قریوەی شادی خۆ بە شەپۆلی بەتەوژمی ڕوباری ژیاندا دەدەن.  دەبینێ کە ئەوان لێی هەڵدەبڕێن،  چونکە ئەو بۆ ئەوان نامۆیە و مەلە نازانێ. لەبەر ئەوە  دەیکا  بە هەرا و قاوە قاو کە نابێ لێی دوورکەونەوە، بڤەیە و دەخنکێن... بەڵام خۆ لەئاووەردان و پیاسەکردنی نێو چۆم و ڕوباران یاریکردن لەگەڵ وردیلە ماسی و وردەشەپۆل و هەوای فێنک و خزین بەسەر سینگی ئاوداو خوشین بۆ هەر لایەک بێ وەرە و مەچۆی تۆسنانەی دایکەقیژەقیژکەرەکە بۆ جوجەڵە " گەلێ گەلێ خۆشترە لە خراجاتەکەی کاولە بە حیللە،( "فولکلۆر، حەیران مام خدر قادری خەلکی گەرماوی ئالان، ڕۆژهەڵاتی کوردستان" .)

ئەم دووجیهانە دوو قانوونی جیاوازیان دەوێ. ئەمانە لێک گرێ نادرێن. دوو ژینگەی جیاوازیان هەیە. ڕەنگە جاروبار  کاریان بە یەکتر بێ. لەبەر ئەوە تێکەڵکردنی ئەو دووژیانە دژوارە. ئەم دوو جیهانە هەرکام قانوونی خۆی دەوێ. لێک گرێدانی ئەم دووە بەزەحمەتە. چونکە یەک بەدیلی ئەویدیکەیە. بەڵام ئەمڕۆ و لەو هەلومەرجەدا ڕێگەچارەیەکی دیکە نییە.

ئەو قانوونە  بۆ ڕێک و پێک کردنی گیروگرفتی سیاسی – حقوقی- دادوەری  گەلانی عێراق لەو قۆناخەدا باشترینە. بەڵام لە دوارۆژدا ناتوانێ بێ ئاڵۆگۆڕکردن سەقامگرتوو بێ. بە نیسبەتی کوردەوە مەسەلەکە جیاوازە و ڕێدەستی هەیە کە ئاڵوگۆڕی جەوهەری لە قانوونەکانی خۆیدا پێک بێنێ.

عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوە، فرە چەشن و فرە ئایینە. هەر قانوونێک تایبەتمەندیی یەک لەو تایفە و تاقم و ... وەبەرچاو بگرێ، بۆ ئەوانی دیکە جێ ناگرێ. چارە ئەوەیە ئایین و دەوڵەت بە پێی قانوون لە یەکتر جیا بن و دێموکراسی تەنیا ئامراز یان هەڵبژاردەیەک  بێ کە گیروگرفتەکانی کۆمەلی پێ چارەسەر دەکرێ.

گەل سەرچاوەی حاکمییەت، دەسەلات و دارێژەری قانونە. دێموکراسی و هاونەریتە باڵاکان لە پەیامە ئاسمانییەکانەوە (وەرگێردراوەکوردییەکە) ناتوانن تەواوکەری یەکتر بن. بە پێی ئایینە ئاسمانییەکان  هەرچەشنە قانوونێکی سەرزەوی جیا لە دەستووره ئایینیە ئاسمانییەکان نارەوایە.

 بە پێی ئایینی شێعەش خەڵک بۆی نییە قانون دانێ. حکومەت و دەسەڵات هی خوا و ئیمام و نوێنەرانی ئیمامی غایبە.  ئیمام مەهدی ئیمامی دوازدەهەم، بە پێی ڕوایات  لەمەو بەر لەسامراء وئێستا بە پێی ڕوایاتی ئاخوندەکانی ئێران لە جمکران ی نێوان شاری قوم و تاران لە چاڵاوێکدایە

و لەوێوە کاروباری ئەم جیهانە  بەرێوە دەبا. ئاخوندەکان واتە نوێنەرانی ئیمام بە ناوی ئەوەوە و بە فتوا  کاروباری موسوڵمانانی شیعە  رادەپەرێنن.
 لێک گرێدانی ئەو دووجیهانە نەلواوە. چونکە حوکمەکانی ئیسلام نەگۆرە و ئاڵوگۆری کۆمەڵگە، ناتوانێ دژ بە حوکمە ئاسمانیەکان بێ.
بەم پێیە ،دەبێ هەیئەتی نوێنەرایەتی کورد  بۆ نووسینی ئەو رەشنووسە و هاودەنگی لە گەڵ نوێنەرانی ئایینی شیعە زەحمەتێکی لەرادەبەدەریان کێشابێ.
با ئەوەش بگوترێ کە ئەو پێشنووسە بەشێکی زۆر لە ئامانجەکانی کورد دەستەبەر دەکا. بەڵآم گرنگترین خاڵ بۆ کوردنووسینی مافی دیاریکردنی چارەنووس بوو.
 لەمەوبەر لە سودان بەرەی رزگاریدەری باشور توانی لەگەڵ دەوڵەتی تۆخی بەشیر بە رێکەوتنێک بگا کە کورد بۆی نەلوا    لایەنەکانی دیکە بە نووسینی ئەو مافە بە ئاشکرا لە و رەشنووسەدا رازی بکا. هەرچەند بەشێک لە دڵسۆزانی کورد رادەگەیەنن کە ناراستەوخۆ ئەوداخوازە لە دیباچەی رەشنووسەکەدا پەسند کراوە.

 خەڵکی باشوری سودان مافی ئەوەی پێدراوە کە  چارەنووس و دادێی خۆی  لە رێفراندۆمێکدا پاش 6 سال لە تێپەرینی ماوەی رێککەوتنەکەی نێوان جۆن گارەنگ و پریزیدێنت بەشیر دیاری بکا.
درێژەی هەیە.
حەسەن ئەیوبزادە
6.9.2005